# باوک

## شانۆنامەی هاوچەرخی سوێدی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

ئۆگۆست ستریندبێرگ

# باوک

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د.فەرهاد پیرباڵ



ناوی کتێب: باوک – شانۆنامەی هاوچەرخی سوێدی
ناوی نووسەر: ئۆگۆست ستریندبێرگ August Strinberg
وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د.فەرهاد پیربال
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٤٣
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی دووەم، هەولێر– ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# وشەی وەرگێڕ

ئۆگۆست ستریندبێرگ August Strinberg ١٩١٢ـ١٨٤٩، یان وەک سوێدییەکان دەڵێن سترینبەری، گەورەترین و ناودارترین شانۆنامەنووسی سوێدییە. منداڵییە ناخۆش و دۆزەخییەکەی خۆی لە کتێبی «کوڕە خزمەتکار» دا وەسف کردووە. وازی لە زانکۆی ئۆپسالا هێنا و خوێندنی تەواو نەکرد. ماوەیەک رۆژنامەنووس، ماوەیەکیش سکرتێری کتێبخانەی پاشایەتی بووە، پاشان رووی کردۆتە شانۆ و بۆتە ئەکتەر. بۆ خۆی، لەسەر حسێبی خۆی، لە ستۆکهۆڵم، شانۆیەکی تایبەتی بۆ گەل دروست کرد.

بڵاوکردنەوەی یەکەم رۆمانی لە ساڵی ١٨٧٩دا، بە ناونیشانی ژووی سوور، ئاژاوەیەکی دروست کرد و ناوبراوی بە دنیا ناساند. ستریندبێرگ چەندین چیرۆک و رۆمانی دیکەیشی نووسی. بەڵام زیاتر وەک شانۆنامەنووسێک توانی سەرکەوتن و شۆرەت وەدەست بهێنێ. ناودارترین شانۆنامەکانی، ئەمانەن: رێگای بەرەو دیمەشق، سەمای مەرگ، خاتوو ژۆلیا. هەروەها ژیاننامەیەکی ناوداری هەیە بە ناونیشانی دۆزەخ Inferno لە ١٨٩٧ نووسیویەتی.

ناوبراو، لە روانینی خۆیدا بۆ ژیان لەژێر تەسیری فەلسەفەی کیرکۆگاردی دانمارکی و نیتشەی ئەڵمانیدا بوو. سێ جار ژنی هێناوە و تەڵاقی داوە، ئاسوودەیی لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا نەبینیوە. وا تێ دەگەیشت ژن سەرچاوەی هەموو هەرەس و بەدبەختییەکی پیاوە. ململانێی نێوان ژن و پیاو، تێم و باوەڕێکی پتەوی ستریندبێرگە، لە سەرجەم بەرهەمەکانیدا رەنگی داوەتەوە و وەک خوێن ـ بەردەوام ـ لە نووسینەکانی ئەودا دادەچۆڕێ. راستییەکەیشی، ئەم روانینە شەخسییە تاکڕەوەی ستریندبێرگە کە ئەمڕۆ ئەو بە یەکێک لە نووسەرە رەسەنەکانی دنیا دەژمێرێت.

ستریندبێرگ رقی لە سوێد و ئاووهەوای سوێد بوو. زوو زوو، بەتایبەت



هاوینان، سەری خۆی هەڵدەگرت و سوێدی جێ دەهێشت، بەتایبەت رووەو پاریس.

ستریندبێرگ ئەم شانۆنامەیەی، باوک، لە ستۆکهۆڵم، لە ساڵی ١٨٨٧دا نووسیوە. من لە ساڵی ١٩٩١دا لە پاریس، لە فەرەنسییەوە، کەوتمە سەر تەرجەمەکردنی. لە هەمان کاتدا بەراوردم کرد بە تەرجەمە فارسییەکەی مەهدی فروغی ( انتشارات ابن سینا، طهران: ١٩٥٧) کە پێشتر لە دانیمارک لە ١٩٨٧دا سەرقاڵی ببووم.

باوک، بەڕاستی، شاکارێکی هەمیشە هاوچەرخی شانۆی دنیا و نموونەیەکی زیندووی ئەدەبیاتی رەسەنە.

د.فەرهاد پیربال

**ئەکتەرەکان:**

ئەدۆڵف، کاپتنی سوپاسواری.

لۆرا، خێزانەکەی.

بێرتا، کچەکەیان.

دکتۆر ئۆێستەرمارک.

قەشە، ژنبرای کاپتن.

مارگرێت، دایەن.

نۆید، Nojd.

خزمەتکار

لە سوێدییەکەدا Kal Faktom بەکار هێنراوە، ئەو وشەیەش تەواو بەرانبەر بەو سەربازەیە کە تەرخان دەکرێت بۆ خزمەتکردنی ئەفسەرێک لە ئەفسەرەکانی سوپا.



# پەردەی یەکەم

ساڵۆنی ماڵی کاپتن. دەرگایەک لە بەشی دواوەی شانۆ، لە دەستە ڕاستدا هەیە. لە ناوەڕاستی ساڵۆنەکەدا مێزێکی خڕ، کۆمەڵێک ڕۆژنامە و گۆڤاری لەسەرە. لە دەستە ڕاستدا سۆفەیەکی چەرمین، مێزێکی لە بەردەمدایە. لە گۆشەی دەستە ڕاستی شانۆدا، دەرگایەک دەچێتەوە سەر بەشی ژوورەوە. لە دەستە چەپدا مێزێکی نووسین، سەعاتێکی سەرمێزیی لەسەر دانراوە. لە هەمان لادا دەرگایەکی دیکە هەیە، دەچێتەوە سەر ژوورێکی دیکەی ناو خانووەکە. چەندین جۆر چەک و تفەنگ و تاپڕ بەدیوارەوە هەڵواسراون.

لە تەنیشت دەرگای ڕووبەڕوو، عەلاگەیەک جلوبەرگی سەربازی پێوە هەڵواسراوە. چرایەکی داگیرساو لەسەر مێزە گەورەکەیە.

**دیمەنی یەکەم**

کاپتن و قەشە لەسەر سۆفە چەرمەکەدا دانیشتوون. کاپتن چاکەتی لەبەر نییە (بە جلوبەرگی سەربازیی ژێرەوەیەتی)، جزمەیەکی فەخیزداری لەپێیە . قەشە جلوبەرگێکی ڕەشی یەخە سپیی بێ کەتیرەی لەبەرە؛ خەریکی پایپ کێشانە.

کاپتن (لە زەنگەکە دەدا)

خزمەتکار: بەڵێ گەورەم.

کاپتن: نۆید لێرەیە؟

خزمەتکار: بەڵێ، لە موتبەقەکە چاوەڕوانی فەرمانی جەنابتانە.

کاپتن: دیسان چۆتەوە موتبەقەکە؟ بانگی بکە ئێرە- هەر ئێستا!

خزمەتکار: هەر ئێستا! (دەڕوات)

قەشە: دەی. ئێستا چی قەوماوە؟

کاپتن: ئەو هەتیوچە بەدخووە.. دیسان ئەو کچە کارەکەرەی خستۆتە مەزاقەوە؛ هەتیوێکی یەکجار سەرسەرییە.

قەشە:مەبەستت نۆیدە؟ سەیرە! خۆ پارەکەش، هەمان گۆبەندی نابۆوە.

کاپتن: ڕاست دەکەی- بەبیرتە؟ داخۆ تۆ دەتوانی بە چەند قسەیەکی برادەرانە، ئامۆژگاریی بکەیت؟ قسەکانی تۆ لەوانەیە کارێکی لێ بکەن. من چەند قسەی ناشیرینم پێی وت، دارکاریم کرد؛ هیچ کاری لێ نەکرد.

قەشە: ئینجا ئێستا دەتەوێ «من ئامۆژگاریی بکەم»؟ داخوا بە ڕای تۆ، قسەی خودا چ کار لە سەربازێک دەکا؟

کاپتن: لە من.. تۆ خۆشت دەزانی: هیچ.

قەشە: دەزانم- زۆر باش دەزانم.

کاپتن: بەڵام بۆ ئەو بێ ئەنجام نابێت. بە هەرحاڵ هەوڵی لەگەڵ بدە.

## دیمەنی دووەم

(هەمان دیمەنی پێشوو، لەگەڵ نۆید)

کاپتن: نۆید، ڕاست بڵێ، بزانم چیت کردووە؟

نۆید: ببوورە جەنابی کاپتن- لە حزووری جەنابی قەشەدا، ناتوانم باسی هیچ بکەم.

قەشە: شەرم لە من مەکە، ڕۆڵە.

کاپتن: باشتر وایە دانی پێدا بنێی، دەنا دەزانی چیت بەسەر دێنم!

نۆید: ئەمردەکەی، گەورەم. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە لە باڕی (گابرێل) خەریکی سەماکردن بووین، لەو دەمەدا بوو کە (لۆدویک) هات وتی...

کاپتن: لۆدویک! لۆدویک چ پەیوەندییەکی بەم کارەی تۆوە هەیە؟ تۆ لەبارەی خۆتەوە،-ڕاست قسە بکە!



نۆید: بەڵێ جەنابی کاپتن. ئەو ساتە (ئیمما) وتی:خۆشە؛ دەچینە ناو عەمارخانەکەوە.

کاپتن: ئاهەه! دە من وا بزانم ئیمما تۆی فریوداوە.

نۆید:ئەوەیە جەنابی کاپتن. پاشان دەبێ ئەوەش بڵێم، جەنابی کاپتن: کچ تاوەکو خۆی مەیلی لێ نەبێ، پیاو ناتوانێ هیچی لەگەڵ بکا.

کاپتن: بەکورتی؛ تۆ باوکی منداڵەکەی یان نا؟

نۆید: بڵێم چی، جەنابی کاپتن؟

کاپتن: چۆن؟ ناتوانی بڵێی کە تۆ باوکی منداڵەکەیت یان نا؟

نۆید: نەخێر جەنابی کاپتن. پیاو ناتوانێ بەتەواوەتی دڵنیابێ.

کاپتن: باشە تۆ، هەر بەتەنیا لەگەڵ ئەو نەبووی؟

نۆید: با، ئەم جارەیان هەرخۆم بووم، بەڵام دڵنیانیم جگە لە من کەسێکی دیکەش دەستی تێدا نەبووبێ.

کاپتن: باشە دەتەوێ بڵێی کە لۆدویک بەرپرسیاری ئەم کارەیە؟ مەبەستت ئەمەیە؟

نۆید: ناتوانرێ بگوترێ بەرپرسیار کێیە! وتنی ئاسان نییە.

کاپتن: بەڵێ، بەڵام تۆ بە ئیممات گوتبوو کە مارەی دەکەی.

نۆید:(بەشەرمەزارییەوە): ئە، پیاو زۆر جار ناچار دەبێ ئەو قسانە بکات.

کاپتن (ڕوودەکاتە قەشە): بەڕاستی سەیرە!

قەشە: شتێکی تازەبابەت نییە! نۆید، گوێ بگرە، تۆ جورئەتی ئەوەندەت پێویستە هەبێ کە بەڕاستی بڵێی؛ داخوا باوکی منداڵەکە تۆیت یان نا!

نۆید: ڕاستە؛ من و کچەکە پێکەوە بووین... بەڵام ئێوە، جەنابی قەشە، خۆتان باشتر دەزانن، هیچ پێویستی بەوە نەدەکرد کە ئیشەکە وای لێ بێت.

قەشە: سەيركە ڕۆڵەكەم، ئێمە ئێستا مشتومڕمان لەسەر تۆيە. تۆ بێگومان، ئەم كچە بەخۆی و بە منداڵێكييەوە بەڕەڵا ناكەيت. هەڵبەتا ئێمەش لە دەستمان نايێ كە تۆ ناچار بكەين مارەی بكەيت، بەڵام تۆ پێويستە مەسرەفی منداڵەكە بدەيت! ئەم كارە دەبێ بكەيت.

نۆيد: زۆر باشە، بەڵام دەبێ لۆدويک -يش باربوو بكات.

كاپتن: كەواتە ئەم گێچەڵە دەبێ بكەوێتە دادگاوە. كردنەوەی ئەم گرێ كوێرەيە لە توانای مندا نييە. پاشان، هەر پەيوەنديشی بە منەوە نييە. باشە. ئێستا برۆ!

قەشە: نۆيد، سەبركە، قسەيەكت پێ بڵێم- ئايا تۆ بير لەوە ناكەيتەوە كە بەڕەڵاكردنی كچێكی بێچارە، بەخۆی و منداڵێكييەوە، لە جوامێرييەوە بەدوور بێ؟ ها؟ بير لەوە ناكەيتەوە؟ بير لەوە ناكەيتەوە كە ئەم كارە... ها؟

نۆيد: جەنابی قەشە، هەڵبەتا ئەگەر دڵنيا بوومايە كە من باوكی منداڵەكەم؛ بەڵێ. بەڵام من بەتەواوەتی دڵنيانيم. زۆر ناخۆشە كە پياو هەموو تەمەنی خۆی لە پێناو منداڵی كەسێكی ديكە بەسەرببات. بێگومان جەنابتان و جەنابی كاپتنيش لەم قسەيەدا لەگەڵمن!

كاپتن: باشە دەی، وەل بە!

نۆيد: بەيارمەتيی جەنابی كاپتن.

كاپتن: بەڵام ديسان نەچيتەوە موتبەقەكە، بەدخوو!

[نۆيد دەچێتە دەرەوە]



## ديمەنی سێيەم

كاپتن و قەشە

كاپتن: باشە تۆ بۆچی هەندێ قسەی باشت پێی نەوت؟

قەشە: لەوە زياتر دەتەوێ چۆن قسەی لەگەڵ بكەم؟ خۆ بينيت چەند لەگەڵی ڕژد بووم.

كاپتن: بەدرێژايی كات بێدەنگ دانيشتبوويت و هەر بەسەری زمان چەند قسەيەكت كرد.

قەشە: ڕاستييەكەی ئەوەيە كە من بەڕاستی نازانم چ بڵێم! من دڵم بە كچەكە زۆر دەسووتێ، بەڵام كوڕەكەش هەر جێگای داخە. تۆ خۆت بيری لێ بكەوە، بزانم : ئەگەر بێتوو نۆيد بەڕاست باوكی منداڵەكە نەبێ ؛ چارە چييە؟ كچەكە دەتوانێ چوار مانگان منداڵەكەی بسپێرێتە دايەنگاوە، ئنجا پاشانيش تا لە ژياندايە مەسرەفی ژيانی بۆ مسۆگەر دەكەن، هەرچی كوڕەيە ئەمەی بۆ ناكرێ. كچە دەتوانێ پاش ئەوە بچێ لە ماڵێكی خانەداندا كارەكەرێتی بكات، بەڵام كوڕە ئەگەر بێتوو لە (سەربازی )دەری بكەن، داهاتووی لێ تەواو تێك دەچێ.

كاپتن: زۆر حەزم دەكرد لەجێيی دادپەروەر بوومايە و ئەم كێشەيە خۆم يەكلام بكردايەتەوە. كوڕەكە لەوانەيە بەتەواوەتی بێ خەتا نەبێ، ئينسان بەڕاستی نازانێ چ بڵێت، بەڵام ئەوەی دەتوانرێ بەدڵنياييەوە بگوترێت، ئەوەيە كە ئەگەر بێتوو تاوانێك لەو بەينەدا هەبێت؛ كچەكە تێيدا تاوانبارە.

قەشە: باشە، باشە. من لەبارەی هيچ كەسێكەوە ناتوانم بەو ئاسانييە حوكم بدەم. بەڕاست- پێش ئەوەی كە ئەم مەوزووعە ڕەتێنەرە قسەمان پێ ببڕێ؛ قسەمان لەبارەی چييەوە دەكرد؟ ئا- لەبارەی بێرتا و غەسڵ و(تەعميدييەوە) بوو.

کاپتن: بەڵێ، بەڵام لەبارەی غەسڵ و تەعمیدییەوە نەبوو.- قسەمان لەبارەی فێرکردن و پەروەردە کردنییەوە بەشێوەیەکی گشتی دەکرد. ئەم ماڵە یەک دونیا ژنی تێدایە، هەر هەموویان دەیانەوێ منداڵەکەی من پەروەردە بکەن. خەسووم دەیەوێ بیکاتە (ڕۆحانی)، لۆرا حەزدەکا ببێتە هونەرمەند، دایەنەکەی دەیەوێ بیکاتە(پەروەردەکار)، مارگرێت (تەعمیددەر). کچە کارەکەرەکانیش دەیانەوێ ببێتە(موجاهیدێکی مەسیحی). ئینسان لەم ژینگە بێسەروبەرەدا مەحاڵە بتوانێ ئینسانێکی ڕێکوپێک لە بێرتا بخولقێنێ. هەرچی منیشم ... من، کە هەموو جۆرە ماف و دەسەڵاتێکم لەبارەی پەروەردەکردنی ئەوەوە هەیە، هەر کاتێ بیروڕای خۆم دەردەبڕم؛ هەر هەموویان بەڕوومدا دێنەوە، بۆیە بڕیارێکی یەکڕام داوە: ئەو لەم ماڵە نەجات بدەم، بڕوا.

قەشە: ژن لەم ماڵەدا هەر یەکجار زۆرن. بەڕێوەبردنی یەک ماڵ، ئەم هەموو ژنەی ناوێ.

کاپتن: ڕاست دەکەی. ئەمە وەک ئەوە وایە کە ئینسان خرابێتە ناو قەفەسێکی پڕ پڵینگەوە. من، وەک بەخێوکەری ئاژەڵە کێوییان، ئەگەر شیشەیەکی داغم لەژێر لووتیان ڕانەگرتایە، هەموو ئان و ساتێک بۆیان هەبوو قووتم بدەن! پێم پێشدەکەنیت هەی نارەسەن! ئەوەندەت بەلاوە بەس نەبوو کە خوشکەکەتم هێنا؛ تۆ باری ئەو زڕدایکە پیرەشت هەر خستە ئەستۆی من.

قەشە: ئاخر ئینسان ناتوانێ لەگەڵ زڕدایکی خۆی، لەناو یەک خانوودا بژیت.

کاپتن: نەء، ناتوانی، بەبڕوای تۆ، خەسوو باشترە لە ماڵی زاوا بژی، یان!

قەشە: ئای هەی، هەر یەکێک لە ئێمە لە ژیاندا بارێکی وا بەسەر شانەوە.

کاپتن: بەڵێ، بەڵام باری من، لە هی هەر هەموو قورسترە. من تەنانەت



دەبێ چاوم لە دایەنە پیرەکەشم بێت. ئەویش تا ئێستە، من هەر بە منداڵ تێدەگا و بەلای ئەوەوە من دەبێ هێشتا بەروانکە ببەستم. هەڵبەتا ژنێکی یەکجار باشە، بەڵام جێی ئەو ئێرە نییە.

قەشە: تۆ دەبێ بەسەر ژناندا زاڵ بیت، ئەدۆڵف. تۆ بەخۆڕاییی ڕێ دەدەیت زاڵ بن بەسەرتا و دەسەڵاتیان بەسەرتەوە هەبێت.

کاپتن: باشە دەی، دەشێ تێم بگەیەنیت چۆن بەسەر ژناندا زاڵ دەبیت؟

قەشە: هەڵسووڕان لەگەڵ لۆرا دژوار بوو. پاشان من- هەرچەند ئەو خوشکی منە، دەبێ ڕاست بڵێم : گوزەران کردن لەگەڵ ئەودا ناخۆش بوو.

کاپتن: لۆرا عەیبی زۆر هەیە، بەداخەوەش: خۆی ئاگای لەو عەیبانەی خۆی نییە.

قەشە: تکایە ڕاست و دۆغری قسە بکە، من خوشکی خۆم باش دەناسم.

کاپتن: لۆرا بە کۆمەڵێک بیر و خەیاڵاتی ڕۆمانسییانەوە گۆش کراوە، زەحمەتە بتوانێ خۆی لەگەڵ دەوروبەردا بێنێتە بار، بەڵام بەهەرحاڵ، ئەو ژنی منە و... ئیتر.

قەشە: وە لەبەر ئەوەی ژنی تۆیە، لە هەموو ژنان ڕێکوپێکترە! نا، ئەدۆڵف، ئەو لە هەموو ژنێک زیاتر تۆ دەخاتە ژێر ئەشکەنجەوە.

کاپتن: لە کاروباری ناو ماڵەوەدا یەکجار سەرپێچ و بێسەروبەرە. لۆرا حەزناکا بێرتای لێ جودا بێتەوە، هەرچی منیشم نامەوێ بێرتا لەم شێتخانەیەدا بمێنێتەوە.

قەشە: سەیرە! لۆرا ناهێڵێ! گەر بەم شێوەیە بێ، دەترسم ئیشەکە گێرمە و کێشەی تێ بکەوێ! لۆرا لە منداڵیشی هەر ئاوها بوو، هەر کاتێ وڕکی بۆ شتێک بگرتایە، وەکو مردووان خۆی لەسەر زەوی درێژ دەکرد تا دەیاندایێ. پاشان ئەو شتەی، هەر شتێک بووایە، دەگەڕاندەوە و هەر بایەخیشی نەدەدایێ؛ بەس بۆ ئەوەی بوو حەزی دەکرد بۆی دابێن.

کاپتن: ها! کەوابوو ئەو کاتیش هەر بەم جۆرە بوو!.. هەندێ جار بەشێوەیەک لە حاڵەتی سروشتی دەچێتە دەر کە من دەشڵەژێم؛ دەکەومە ترسی ئەوەی بەڕاستی نەخۆش بێت!

قەشە: ئێستا پێم بڵێ، لەبارەی بێرتاوە چ ڕێوشوێنێکت داناوە کە لۆرا بەم شێوەیە لێی نارازییە؟ ناتوانن چارەیەکی مام ناوەندی بدۆزنەوە؟

کاپتن: تۆ بیر لەوە نەکەیتەوە من بمەوێ بێرتا بکەمە (نموونەیی) یان وەک خۆمی لێ بێتە ئارا. هەروەها، ناشمەوێ بۆی ببمە دەڵاڵی خۆشەویستی و تەنیا بۆ ژیانی قوڵ لە قۆڵی بەخێوی بکەم، چونکە لەو حاڵەتەدا ئەگەر بێتوو بەبێ مێردی بمێنێتەوە، ژیانێکی تا بڵێی تاڵ دەستەویەخەی دەبێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، نامەوێ کەڵکەڵەی کاری ئەوتۆی بخەمە مێشکەوە کە ماوەیەکی زۆر مەشقکردن و خوێندنی پێویست بێت، چونکە لەو کاتەی شوودەکا، هەموو ئەو خوێندنەی بە هەوا دەڕوا.

قەشە: باشە دەی، چ ڕێوشوێنێکت بۆی داناوە؟

کاپتن: دامناوە ببێتە مامۆستا. ئەوسا ئەگەر شووش نەکا، توانای ئەوەی دەبێ بەوپەڕی ئاسانییەوە خۆی بەڕێوە ببا. هەر چۆنێ بێ، گوزەرانی لە گوزەرانی ئەم بەڕێوەبەری قوتابخانانەی کە هەر یەکێکیان پێویست وایە کۆشە خێزانێک بەڕێوە ببەن خراپتر نابێ. ئەگەر شووشی کرد، ئەو کاتە هەڵبەتا بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانی، دەتوانێ سوود لە خوێندنەکەی خۆی وەربگرێ. وایە؟

قەشە: تابڵێی ڕاستە. بەڵام خۆ بێرتا بەهرەیەکی باشی لە ڕەسم کردندا هەیە. ئەو کە ئەم بەهرەیەی هەیە..ئەگەر بیخەیتە سەر کاری دیکە؛ لەوانەیە ئەم پەیوەندییەی ئەو بەهونەرەوە، ئازاری بدات.

کاپتن: نەخێر، من تابلۆکانیم پیشانی مامۆستایەکی نیگارکێش دا، گوتی ئەمانە تەنیا بۆ ئەوە دەست دەدەن لە قوتابخانان دەرسیان لەسەر



بخوێندرێت. کەچی پار هاوینێ کوڕێکی گەنج هات بۆ ئێرە؛ کە هەڵبەتا شارەزاییی ئەو لەبارەی نیگارکێشانەوە زۆر زیاتربوو.. وتی کە بێرتا بەهرەیەکی بێ ئەندازەی لە بواری نیگارکێشاندا هەیە. ئەم قسەیە زۆر بەدڵوداوی لۆرا بوو.

قەشە: کوڕە، گراوی بێرتا بوو؟

کاپتن: ئەمە گرنگ نی یە!

قەشە: دەک خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ، هاوڕێ. لەبەرئەوەی من کڵاوڕۆژنەی هیچ ئومێدێک، لە هیچ لایەکەوە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە نابینم. ئەم قسانە هەمووی بێ مانایە... لۆرا پشتیوانی هەن، یارمەتیی دەدەن.

کاپتن: ئەدی، پشتی دەگرن. هەموو ماڵەکە خۆیان تەیار کردووە بۆ لەڕووەوەستانەوەی من. بەڵام ئەم گێچەڵ نانەوەیە دژی من، هێندە شەڕەفمەندانە نییە.

قەشە: (هەڵدەستێتەوە سەرپێ) تۆ وا دەزانی من ئاگادار نیم؟

کاپتن: کەوابوو تۆش ئاگات لێیە؟

قەشە: بەڵێ، منیش ئاگام لێیە.

کاپتن: لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە، وەک دەبینم: ژیان و داهاتووی بێرتا وا خەریکە لەم ماڵەدا و لە ڕێی ئەم ئافرەتانەوە دەخەمڵێنرێت و دیاری دەکرێت. ئەوان، هەموو ڕۆژێ هەر خەریکی ئەوەن پلار و توانج لە ژن و مێردان بگرن، بەدرێژایی ڕۆژ باس هەر باسی شەڕی ژن و مێردانە و نابڕێتەوە. دەتەوێ بڕۆی؟ بۆ نانخواردنی ئێوارە بمێنەوە. چێشتێکی خۆشمان نییە تا زۆرت لێ بکەم بمێنیتەوە، بەڵام ئەگەر دەتوانی بمێنەوە. بەڕاست- من چاوەڕێی دکتۆرە تازەکەم. تۆ ئەوت دیوە؟

قەشە: ڕێبوارانە تووشی هاتووم. پیاوێکی مەشرەفخۆش و جێی متمانە دێتە پێش چاو.

کاپتن: جێی دڵخۆشییە. تۆ بڵێی لایەنگیری لە من بکا.

قەشە: بڵێم چی؟ ئەمە پەیوەندیی بەژیانی خۆی، بەمەوە هەیە کە چەندێ ئاشنای دەروون و ئاکاری ئافرەتانە.

کاپتن: باشە، ئێستا بۆ نانخواردنی ئێوارە هەر نامێنیتەوە؟

قەشە: نەء، گەلێک مەمنوون هاورێ. قسەم داوە بۆ نانخواردنی ئێوارە بچمەوە ماڵ. گەر درەنگ بچمەوە، خانم دڵی دەکەوێتە ختوورەوە.

کاپتن: دڵی دەکەوێتە ختوورەوە! بڵێ توورە دەبێ. باشە، چۆنی حەزدەکەی، وا. ڕوخسەتم بدێ پاڵتۆکەت بۆ ڕابگرم.

قەشە: دەڵێی ئەمشەو هەوا خەریکە سارد دادێ. (یارمەتیی دەدا پاڵتۆکەی بکاتە بەر) سوپاس. ئەدۆڵف، تۆ دەبێ گەلێک ئاگاداری حاڵی خۆت بیت. من وا بزانم پەشێو دیاری!

کاپتن: پەشێو؟

قەشە: ئا. بەڕاستی، حاڵت باش نییە.

کاپتن: لۆرا ئەمەی خستۆتە کەللەتەوە؟! لۆرا بەدرێژایی ئەم بیست ساڵەی ژیانی ژن و مێردایەتیمان، هەمیشە وای دیوم کە من گوێم لە لێواری قەبر دەلەرزێ.

قەشە: لۆرا؟ نەء . بەڵام من بەڕاستی، لەبەر تۆ زۆر ناڕەحەتم. ئاگاداری خۆت بە، بەگوێم بکە. دەی، خواحافیز- بەڕاست دەمانویست قسەیەک لە بارەی غەسل و تەعمیدی بیرتاوە بکەین.

کاپتن: نەء نەماندەویست. من دڵنیام ئەم کارە لەلایەن ئەوانەی کە لێی بەرپرسیارن، خۆی بەڕێوە دەبردرێت. چونکە من خۆم نە دەمەوێ باوەڕ بە دینەکە بێنم، نە دەشمەوێ لە ڕێی دیندا شەهید ببم. زەمانی ئەم قسانە بەسەرچوو. خواحافیز. سڵاوم بە خانم بگەیەنە.

قەشە: خوا حافیز ئەدۆڵف. لەباتی من لۆرا ماچ بکە.



**دیمەنی چوارەم**

(کاپتن لە ژوورەکەدا تەنیایە، پاشان لۆرا دێتە ژوورەوە. کاپتن مێزی نووسینی خۆی دەکاتەوە و دادەنیشێ، دەفتەری حساباتی ماڵەوە تەماشا دەکا.)

کاپتن: سی و چوار.. نۆ.. چل و سێ... حەوت.. هەشت.. پەنجا و شەش..

لۆرا: [لە دەرگای ژوورەکەی بنەبانێوە دێتە ژوورەوە] تکایە، دەشێ داوای شتێک بکەم...

کاپتن: هەر ئێستا..شەست و شەش... هەفتا و یەک... هەشتا و چوار... هەشتا و نۆ... نەوەت و دوو.. سەد. فەرموو.

لۆرا: لێم تێک نەدای؟

کاپتن: هەرگیز. هەبێ و نەبێ پارەی خەرجیی ماڵەوەت دەوێ؟

لۆرا: بەڵێ پارەی خەرجیی ماڵەوەم دەوێ.

کاپتن: قایمەی حسێبی خەرجییەکان لەوێ دانێ، سەیرێکیان دەکەم.

لۆرا: قایمەی حسێب؟

کاپتن: ئا.

لۆرا: واتە ئێستا (من) دەبێ پارە بدەمەوە تۆ؟

کاپتن: بەڵێ ئێستا تۆ دەبێ پارە بدەیتەوە من. گوزەرانمان شپرزەیە. وە ئەوە دنیایە کار بگاتە تەڵاق و تەڵاقکاری و سافکردنەوەی حسابات، پێویستە قایمەی حسێبی هەموو خەرجییەکان لەبەر دەستدا بێت، گەر وا نەبێ پیاو بە دەغەڵ و کڵاوچی تاوانبار دەکەن.

لۆرا: چما خەتای منە کە باری گوزەرانمان شپرزەیە؟

کاپتن: ئەم مەسەلەیە لەناو قایمەی خەرجییەکانی ماڵەوەدا، بەتەواوەتی ڕوون دەبێتەوە.

لۆرا: ئەمە خەتای من نییە کابرای کرێچی کرێیەکەی نادا.

کاپتن: کێ ئەم کرێچییەی خستە سەر سەروگوێلاکی ئێمەوە؟ کێ زۆری کرد بێتە ئێرە؟ تۆ بۆچی هێندە پشتی ئەم - بڵێم چی- ئەم دەبەنگەت گرت؟

لۆرا: ئەی تۆ بۆچی ئەم دەبەنگەت خستە سەر کارەوە؟

کاپتن: لەبەرئەوەی تۆ یەک دەقیقە چییە لێ نەگەڕای راحەت دانیشم. نەتهێشت نانێک بەئیسراحەت بخۆم، نەتهێشت دەقیقەیەک بەئیسراحەت بنووم، نەتهێشت بە مێشکێکی سافەوە کار بکەم؛ ئەم پیاوەت هێنا و کردت بە بار بەسەر منەوە. ڕژدبوونی تۆ لەپێناو ئەوە بوو کە دەتویست براکەتی لەدەست قوتارکەی، ڕژدبوونی دایکیشت تەنیا بەنیازی سەرپێچی کردن بوو لەگەڵ من (چونکە من حەزم نەدەکرد بێت)، ڕژدبوونی نەنێش بۆ ئەوەبوو کە بێت ئینجیلی بۆ بخوێنێتەوە، مارگرێتیش لەبەرئەوەی دایکی ئەوی لە زەمانی منداڵیدا دەناسی. سەبارەت بەوە بوو من ڕێم دایێ بێتە خانووەکەمەوە. خۆ ئەگەر ڕێشم نەدابایێ، ئەوا دەبووایە ئێستا لە شێتخانە بکەوتمایە یان خۆمم زندەبەگۆڕ بکردایە. فەرموو ئەمەش پارەی خەرجیی ماڵەوە و مانگانەکەت، قایمەی حسێبەکەم بدێ.

لۆرا: (بەنەزاکەتەوە) زۆر سوپاس. تۆ کە هێندە پەرۆشی ئەوەی قایمەی حساباتی خەرجیی ماڵەوە ببینیت؛ حسێبی ئەوەش بکە کە خۆشت چ خەرج دەکەی و چ نا؟

کاپتن: ئەمە پەیوەندیی بە تۆوە نییە.

لۆرا: هەڵبەتا ئەمە پەیوەندیی بەمنەوە نییە، پەروەردەکردنی منداڵەکەشم هەر پەیوەندیی بەمنەوە نییە. باشە بە چی گەیشت؛ پاش ئەو مشاوەرەیەی ئەمشەو داتانبەستا، بڕیاری چیتاندا؟

کاپتن: من بڕیاری خۆمم پێشتر دابوو. تاقە شتێک پێویست بوو بیکەم، ئەوەبوو کە ئەم بڕیارە، بۆ کەسێک- کە نزیکی من و خێزانەکەمە،



بخەمە پێش چاو، بێرتا دەبێ بچێتە شار و دەوامی خۆی بکا. لە ماوەی ئەم دوو هەفتەیەدا دەشچێ.

لۆرا: ڕێم هەیە بپرسم لە کوێ دەوام دەکا؟

کاپتن: لای (نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی سێڤ باری)

لۆرا: ئەو ترە پیاوە بێ دینە!

کاپتن: یاسا دەڵێ کە منداڵ پێویستە بەخواستی باوک پەروەردە بکرێ.

لۆرا: ئەی دایک؟ بۆی نییە قسەی لەسەر بکا؟

کاپتن: نەخێر، هیچی بۆ نییە. ژن پاش تەواوبوونی مامەڵەیەکی قانوونیانە، هەموو مافێکی دەنگدان و دەست تێخستن لە خۆی حەرام دەکا، لەباتیی ئەوە؛ پیاوەکە مسۆگەرکردنی ژیانی ئەو و منداڵەکانی دەگرێتە ئەستۆ!

لۆرا: بەپێی ئەم قسەیە: ژن هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر منداڵەکەوە نابێ؟

کاپتن: نەخێر، هیچ جۆرە دەسەڵاتێک. بازرگانێک کاتێ کاڵایەکی خۆی فرۆشت، تازە ناتوانێ ئەو کاڵایە وەربگرێتەوە و پارەکەش هەر گل بداتەوە.

لۆرا: ئەی ئەگەر دایک و باوک هەردووکیان ڕێک بکەون کە...

کاپتن: شتی ئاوها چۆن مەیسەر دەبێ؟ من دەمەوێ بێرتا لە شار بژیت، تۆ دەتەوێ هەر لە ماڵەوە بمێنێتەوە. چارەی مامناوەندیی ئەم دوو ڕێوشوێنە، ئەگەر بمانەوێ بەشێوەیەکی ماتماتیکی دیاری بکەین، دەبێ بڵێین: بێرتا، بچێت لە ئێستگەی شەمەندەفەرەکە ژیان بەرێتە سەر. ئەمە گرێ کوێرەیە، کردنەوەی مەحاڵە. دەزانی؟

لۆرا: کەوابوو پێویستە هەڵوەشێندرێتەوە. نۆید لێرە چیی دەکرد؟

کاپتن: ئەمە نهێنییەکی تایبەتە بە خۆمەوە.

لۆرا: بۆیە هەموو ماڵەوە پێی دەزانن!

کاپتن: باشە کەوابوو تۆش دەزانی.

لۆرا: بەڵێ، منیش دەزانم.

کاپتن: بێگومان، پێش وەخت، ڕای خۆشت لەسەری داوە.
لۆرا: ڕا لەسەردانی من، ڕا لەسەردانێکی یاساییە.
کاپتن : ڕای یاسایی، تیای نەنووسراوە کێ باوکی منداڵەکەیە.
لۆرا: نەخێر نەنووسراوە، بەڵام ئینسان دەتوانێ باوکەکە دیاری بکات.
کاپتن: خەڵکی تێگەیشتوو دەڵێن هیچ کەسێک ناتوانێ ئەم تەلیسمانە ئاشکرا بکات.
لۆرا: زۆر سەیرە! هەر هیچ کەسێک ناتوانێ بڵێ کێ باوکی منداڵەکەیە؟
کاپتن: نەخێر- ئەمە بیروڕای هەموو لایەکە.
لۆرا: زۆر سەیرە! کەواتە باوک چۆن دەتوانێ بەو شێوەیە مافی دەسەڵاتی بەسەر منداڵەکەیدا هەبێت!
کاپتن: باوک تەنیا لەو کاتەدا ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە پەروەردەکردنی منداڵەکەی خۆی لە ئەستۆی گرتبێ، وەیان ئەم کارە خەڵک خستبێتیانە ئەستۆی. پاشان، لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا، دیاریکردنی باوک گومانی ناوێ.
لۆرا: گومانی ناوێ؟
کاپتن: نەخێر- ئومێدم وایە کە نەیەوێ.
لۆرا: ئەی ئەگەر ژنە خیانەتی لە مێردە کردبێ؟
کاپتن: شتی ئاوا ناشێ. پرسیاری دیکەت هەبوو؟
لۆرا: نەخێر، هیچ پرسیاری دیکەم نییە.
کاپتن: باشە، من دەچمە ژوورەکەی خۆم، کە دکتۆر هات ئاگادارم کە!
(مێزی نووسینەکەی دادەخات و هەڵدەستێتەوە)
لۆرا: زۆر باشە.
(کاپتن لە دەرگای دەستەڕاستەوە دەچێتە دەرێ.)
کاپتن: هەرکە هات، یەکسەر ئاگادارم کە! حەزناکەم بێ نەزاکەتیی لەگەڵ بنوێنم، تێگەیشتی!
لۆرا: بەڵێ تێگەیشتم.



**دیمەنی پێنجەم**

(لۆرا تەنیایە. ئەو دەستە ئەسکەناسەی بۆ خەرجی پێی دراوە، ورد ورد تەماشای دەکا)
خەسوو: (لە ژوورەوەڕا بانگی دەکا) لۆرا...
لۆرا: بەڵێ.
خەسوو: (لە ژوورەوەڕا) چایەکەم ئامادەیە؟
لۆرا: بەڵێ، هەر ئێستا بۆتی دێنم.
(لۆرا بەرەو دەرگای هاتنە ژوورەوە دەڕوا لەپشتەوەی شانۆدا، هەر لە هەمان کات، خزمەتکار دەرگا دەکاتەوە و خەبەری دەداتێ)- دکتۆر ئۆیستەر مارک!
دکتۆر: سڵاو، خاتوون!
لۆرا: (دەچێتە پیرییەوە و دەستی بۆ تەوقەکردن درێژ دەکات) سڵاو جەنابی دکتۆر. هەموومان خۆشحاڵین بەوەی کە جەنابتان بوونەتە لێپرسراوی ئەم ناوچەیە. کاپتن چۆتە دەرەوە، هەر ئێستا دێتەوە.
دکتۆر: داوای لێبووردنتان لێ دەکەم کە هێندە درەنگ سەرم لێدان، هۆیەکەی ئەوەبوو هەر کە گەیشتم و نەگەیشتم چوومە دیدەنیی چەند نەخۆشێک.
لۆرا: بۆ نافەرموویت؟ تکایە، فەرموو.
دکتۆر: سوپاس.
لۆرا: بەڵێ ڕاستە، ئێستا ئەم ناوە نەخۆشی گەلێک زۆرە. بەڵام ئومێدەوارم جەنابت ئێرەت بەلاوە پەسەند بێت. بۆ ئێمەی خەڵکی دێنشین، کە لە هەموو شتێکەوە دوورین، بایەخێکی زۆری هەیە کە پزیشک ئاگاداری نەخۆشەکانی بێت. منیش شتی گەلێک باشم لەبارەی تۆوە بیستووە، جەنابی دکتۆر. ئومێدەوارم بتوانین سەراسوێکردنی یەکتر پتەوبکەین.

دکتۆر: گەلێک لوتفتان هەیە، خاتوون. بەڵام ئومێدەوارم بەخزمەت گەیشتنی بەندە بۆ لای جەنابتان، هەمیشە سەبارەت نەخۆشی نەبێ. خێزانەکەتان، هەموو سەلامەتن...

لۆرا: ئێمە، خۆشبەحاڵمان، تاکو ئێستە هیچ جۆرە نەخۆشییەکی کوشندەمان لەناودا نییە، بەڵام بەداخەوە، بارودۆخمان وەک جاران نییە.

دکتۆر: بەڕاست!

لۆرا: بەڵێ- باری تەندروستیمان بەو شێوەیە نییە کە چاوەڕێمان دەکرد.

دکتۆر: بەڕاستی سەغڵەتت کردم، خاتوون.

لۆرا : لەناو خێزاندا هەندێ جار شتی وەتۆ ڕوودەدات کە ئینسان لە ترسی ئابڕووچوونی خۆی؛ ناچارە لە خەڵکی بشارێتەوە.

دکتۆر: لە دکتۆر نەبێ.

لۆرا: هەڵبەتا وایە. هەر بۆیە، ئەم ئەرکە ئازاراوییە لەسەر شانمە، پێش ئەوەی وەختی بەسەر بچێ، با ڕاستیی مەسەلەکەت عەرز بکەم..

دکتۆر: ناکرێ ئەم ڕاوێژە هەڵگرین تا بە ناسینی کاپتن شاد دەبم؟

لۆرا: نەخێر، بەڕێز : تۆ پێویستە پێش ئەوەی کاپتن ببینی ئەم قسەیەت گوێ لێ ببێ.

دکتۆر: کەوابوو پەیوەندیی بەجەنابی کاپتن خۆیەوە هەیە!؟

لۆرا: بەڵێ، پەیوەندیی بەئەوەوە هەیە. پەیوەندیی بەمێردە خۆشەویستە بەستەزمانەکەمەوە هەیە.

دکتۆر: خاتوون، جەنابتان، ناڕەحەتتان کردم. باوەڕ بکە، سەبارەت بەم دەردەسەرییەی ئێوە زۆر موتەسیرم.

لۆرا (دەسەسڕەکەی لە باخەڵی دەردێنێ): مێردە خۆشەویستەکەم حەواسی تێک چووە! ئێستا جەنابت لە هەموو شتێک ئاگادار کرایت. وە تۆ هەڵبەتا کە چاوت پێی کەوت، خۆشت هەستی پێ دەکەی.



دکتۆر: مەحاڵە. من خۆم نووسراوی (کانزاناسی)یەکەی کاپتنم لە هەوەڵەوە تا کۆتایی، بەوردییەوە خوێندۆتەوە: زۆر بەرز نووسراوە، شایستەی ئەوپەڕی ڕێزلێنان و پەسەندکردنە. نووسراوەکە ئەوە نیشان دەدا کە نووسەرەکەی بابایەکی زۆر زرنگە.

لۆرا: بەڕاست؟ من زۆر خۆشحاڵ دەبم گەر بۆم بسەلمێ کە هەموو ئەندامانی خێزانەکەمان، بەهەڵەدا چووین.

دکتۆر: بەڵام خۆ لەوانەشە، کە مێشکی، لە شوێنێکی دیکەوە تووشی تێکچوون هاتبێ. بەردەوام بە؛ فەرموو!

لۆرا: بەڵێ، بەداخەوە، ئێمەش هەر لەوە دەترسین. هەندێ جاران بیروباوەڕی زۆر سەیر و عەنتیکەی دێ بەخەیاڵا، کە هەڵبەتا هەموو زانایەک دەشێ ئەمەی لێ ڕووبدات، بەڵام بەو مەرجەی نەبێتە مایەی ڕەنجەڕۆبوونی سەرتاسەری خێزانەکەی. بۆ نموونە: مەرەقێکی زۆری بە کڕینی شتومەکی جۆراو جۆرەوە گرتووە.

دکتۆر: ئەمە زۆر گرنگە؛ چ جۆرە شتێک دەکڕێ؟

لۆرا: سنووقی گەورەی پڕ لە کتێب، ئەو کتێبانەی کە قەتاوقەت پەڕەکانیان لێک ناکاتەوە!

دکتۆر: باوەڕناکەم کڕینی کتێب بۆ بابایەکی دانا شتێکی ناجۆر بێت.

لۆرا : تۆ باوەڕ بە قسەکانم ناکەی؟

دکتۆر: خاتوون، من دڵنیام جەنابت باوەڕت بەو قسانە هەیە کە دەیانفەرمووی.

لۆرا: باشە، ئینسان ئەوەی قەت دەچێتە ئەقڵەوە کە بە سەیرکردنە میکرۆسکۆبێکەوە، بتوانێ بزانێ لەناو ئەستێرەکانی ئاسماندا چ ڕوودەدات؟

دکتۆر: کاپتن دەڵێ کە دەتوانێ ئەم کارە بکات!؟

لۆرا: بەڵێ، وا دەڵێ.

دکتۆر: بە میکرۆسکۆپێک؟

لۆرا: ئا، بە یەک میکرۆسکۆپ.

دکتۆر: ئەگەر وابێ ، دەبێ حاڵی گەلێک ناجۆر بێت.

لۆرا: «ئەگەر وابێ»!. واتە تۆ باوەڕ بە قسەکانم ناکەی، جەنابی دکتۆر؟ منیش لێرە دانیشتووم چی سرۆتڕی خێزانەکەمان هەیە، لەلاتی دەدرکێنم.

دکتۆر: سەروەرن خانم. باوەڕ و متمانەی ئێوە بە من ؛ مایەی شانازیمە، بەڵام هەموو دکتۆرێک لەسەری وایە، کە پێشتر باش لێی بکۆڵێتەوە؛ ئنجا قسەی لەسەر بکا. تکا دەکەم، بۆمی باس بکە.. داخۆ نیشانەی حەواسپەرتی و بێ ئیرادەیی و گومان کردنیشت لە کاپتندا هەست پێ کردووە؟

لۆرا: پرسیارێکی سەیرە! حەواسپەرتی! ئێمە بیست ساڵە ژن و مێردی یەکترین؛ بەدرێژایی هەموو ئەم ماوەیە مەحاڵ بووە کە ڕێوشوێنێکی دانابێ و پاشان لێی پاشگەز نەبووبێتەوە.

دکتۆر: کەواتە ئەو خۆڕا و سەر سەختە؟

لۆرا: هەمیشە ڕکە لەسەر ئەوە دەکا قسەکەی خۆی بێنێتە جێ، کەچی هەر لەگەڵ ئەوەی بۆیان داهێنا، ئیتر دەستی لێ بشۆ؛ ئەو کاتە دێ داوا لە من دەکا تا ڕێوشوێنی بۆ دابنێم.

دکتۆر: ئەم مەسەلەیە گرنگە، پێویست وایە لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر بکرێ، پاراستنی ڕاستڕاگرتنی هێزی ئیرادە، تێدەگەی خانم، ناسکترین ئەرکی مێشکی ئینسانە، وە ئەگەر ئەو بەشەی مێشک، کە ئەرکەکەی پاراستنی ڕاستڕاگرتنی ئیرادەیە، تووشی شتێک ببێت، ئەوا مێشک بەتەواوەتی تێک دەچێ.

لۆرا: تەنیا خوا دەیزانێ کە من بەدرێژایی ئەم ماوەی بیست ساڵە؛ بە چ ئازار و زەحمەتییەکەوە خۆم بەوە ڕاهێناوە لەگەڵی هەل بکەم: هەمیشە بێمە ژێر باری حەز و خواستەکانی. ئاخ! تۆ گەر بتزانیایە



من تا ئێستە چ ژیانێکی سەختم لەگەڵ ئەودا بردۆتە سەر، گەر بتزانیایە!

دکتۆر: من زۆر بەداخەوەم بۆ جەنابتان، خاتوون. وە گفتت دەدەمێ هەر چی شتێکم لەدەست بێ؛ تەخسیری نەکەم. لە ناخی دڵمەوە پێم ناخۆشە، وە تکا دەکەم متمانەیەکی تەواوت بە من هەبێ. بەڵام ئێستا– کە دەتوانم بڵێم لە هەموو مەسەلەکان تێگەیشتووم؛ دەمویست شتێک بخەمە پێش چاو: تکا دەکەم، هەر داوا و پێشنیهادێک ئەگەر زۆر تەسیری لە ئەو کرد، دەستی لێ هەڵگرە چونکە ئەم کارتێکردنە، لەناو (مێشکێکی بێ هێز)دا بەپەلە پەرە دەستێنێ و دەبێتە هۆی جۆرە شتێتییەک. واتە نەخۆش لەسەر شتی گەلێک بچووک و بێ بایەخ، ڕکە دەگرێ و «سەرسەختی» دەنوێنێ. تێگەیشتی؟

لۆرا: مەبەستت ئەوەیە شتی وا نەکەم کە گومانی لێم بورووژێ؟

دکتۆر: ئەوە، ئا. ئینسان دەتوانێ «نەخۆشەکان» وا لێ بکات کە هەرچی دەیبیسن، بەڕاستی بزانن. چونکە نەخۆش باوەڕ زوو بە هەموو شتێک دێنێ.

لۆرا: بەڕاست؟ تێگەیشتم. زۆر باشە، زۆر باشە.

(زەنگ لەناو ماڵەکە لێ دەدرێ )

داوای لێبوردنت لێ دەکەم جەنابی دکتۆر، وا بزانم دایکم پێویستی بە شتێک هەیە. دەقیقەیەک مۆڵەتم بدەیێ.. سەیرکە : ئەوە ئەدۆلفە.

## دیمەنی شەشەم

(دکتۆر و کاپتن)

کاپتن (لە دەرگای بنەبانیرا دێتە ژوورەوە): سەیرە! تۆ لێرەی جەنابی دکتۆر؟ بەخێر هاتی.

دکتۆر: جەنابی کاپتن، ئەمە مایەی خۆشحاڵی و شانازییە بۆ من کە بە

بابایەکی شکۆمەند و دانا ئاشنا دەبم.

کاپتن: زۆر لوتفت هەیە. ئەرکی وەزیفە مۆڵەتم نادا لێکۆڵینەوەی زانستیی قووڵ ئەنجام بدەم، بەڵام وا بزانم لێکۆڵینەوەکانم لە قۆناغێکدان کە بەم زووانە دەگەنە دۆزینەوان.

دکتۆر: بەراست؟

کاپتن: تۆ سەیر کە، من بۆ لێکۆڵینەوە، تەنی ئاسمانیم خستۆتە ژێر سپێکترۆسکۆپەوە، لەئەنجامدا گەردیلەی خەڵووزی زینک-م لەوانەوە هاتۆتە دەست. واتە: هەبوونی تەنی گیاندار لەناو ئەستێراندا بەتەواوەتی یەکلا بۆتەوە. جەنابتان ڕاتان چییە؟

دکتۆر: تۆ (بە میکرۆسکۆب) دەتوانی ئەم شتانە ببینی؟

کاپتن: نەخێر، ئەوە چی دەفەرمووی. بە دەزگای سپێکترۆسکۆب.

دکتۆر: سپێکترۆسکۆب! داوای لێبووردنت لێ دەکەم. کەوابوو جەنابی بەڕێز، بەم زووانە دەتوانی پێمان بڵێی کە بۆ نموونە لەناو ئەستێرەی موشتەریدا چ ڕوودەدا!

کاپتن: ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوودا ڕوویان داوە، نەک ئەو ڕووداوانەی کە ئێستا ڕوودەدەن. بە مەرجێک ئەگەر ئەم کتێبفرۆشە لەعنەتییانەی پاریس ، ئەو کتێبانەی کە داوام کردوون بۆمی بنێرن. هەر دەڵێی هەموو کتێبفرۆشەکانی دنیا دووبەرەکایەتیم لەگەڵ دەکەن. جەنابی بەڕێز، تۆ سەیرکە بەدرێژایی ئەم دوو مانگەی ئەم دواییەیە تەنانەت یەکێکیشیان چییە وەڵامی نامەکانیان نەداوەمەتەوە: نە بەنامە، نە بەتەلەگراف، خەریکە ئیتر شێت دەبم. من تێناگەم هۆی ئەم پشتگوێ خستنە چییە؟

دکتۆر: ئەمە گوێ پێ نەدانێکی ئاساییە، بەڵام تۆ نابێ ڕێگە بدەیت کە ئەم مەسەلەیە لە دڵتا ببێتە گرێ.

کاپتن: نەخێر، بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەگەر ئیش هەروا بڕوا، من ناتوانم نووسراوەکەم بەوەخت بۆ چاپکردن ئامادە بکەم، وە من دەزانم لە



بەرلین-یش ژمارەیەک لە زانایان لەبارەی هەمان مەسەلەوە خەریکی لێکۆڵینەوەن. دەی، پێویست ناکا درێژە بەم مەسەلەیە بدەین.. جەنابتان کەمێک لەبارەی خۆتانەوە بدوێن. تۆ گەر حەزت لێ بێ لێرە بژیت، ئێمە شوققەیەکی سەربەخۆمان لەوبەرەی باغەکە هەیە و دەیخەینە ژێر فەرمایشتی خۆتانەوە، ئەگەریش حەزدەکەی لە بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیدا، مەبەستم لە خانووی پزیشکەکەی پێشوودا بژیت؛ هەڵبەتا سەربەستیت.

دکتۆر: جەنابتان چۆنی بە باش دەزانن، وا، کاپتنی بەڕێز.

کاپتن: نەخێر، خۆتان ئێوە، چۆنی بە باش دەزانن- کام لەم دوو جێیەتان، زیاتر پێ خۆشە؟

دکتۆر: لەم بارەیەوە، دەبێ جەنابتان ڕێوشوێن دابنێن، جەنابی کاپتن.

کاپتن: من لەم بارەیەوە هیچ ڕایەک نادەم، ئێوە خۆتان دەبێ قسە بکەن. من هیچ ڕایەکی تایبەتیم نییە، هەرگیز.

دکتۆر: من ڕاستییەکەی: ناتوانم بڕیار بدەم..

کاپتن: توخوا دکتۆر؛ بڵێ، کوێت زیاتر پێ خۆشە تێیدا بژیت!؟ من ڕەئیم نییە. نە پەیوەندیم پێیەوە هەیە و نە ڕەئیم لەبارەیەوە هەیە. ئایا تۆ ئیرادەت ئەوەندە لاوازە: نازانیت حەز لە چی دەکەی؟ وەڵامم بدەوە؛ دەنا لێت زویر دەبم.

دکتۆر: بە من بێ، هەڵبەتا زیاتر حەزم لەوەیە لێرە بم.

کاپتن: زۆر باشە. زۆر سوپاس. داوای لێبووردنت لێ دەکەم دکتۆر- هیچ شتێک لەوە زیاتر جاڕسم ناکا کە ببینم کەسێک لەبارەی مەسەلەیەکەوە، بیروڕای جۆراوجۆر دەرببڕێ.

(زەنگەکە لێ دەدرێ. دایەن دێتە ژوورەوە)

وەرە ژوورەوە مارگرێت. داخوا ژوورەکانی شوققەکە بۆ جەنابی دکتۆر ئامادەیە یا نا؟

مارگرێت: بەڵێ جەناب، ئامادەیە.

کاپتن: زۆر باشە. کەوابوو با چیتر مەحتەلت نەکەم دکتۆر؛ تۆ لەوانەیە زۆر ماندوو بیت. دەی، خواحافیز. بە دیمانەت زۆر کەیفخۆش دەبم، ئینشاڵڵا سبەینێ یەکتر دەبینینەوە.

دکتۆر: شەوشاد جەنابی کاپتن.

کاپتن: وا بزانم خێزانەکەم لەبارەی گوزەرانمانەوە هەندێ شتی بۆتان ڕوون کردۆتەوە، وە هەندێ شارەزاییتان لەبارەی ئەم ناوچەیەوە هەیە.

دکتۆر: خێزانەکەتان، تەشریفی، هەندێ قسەی لەبارەی یەک دوو شتەوە– ئەوەی کە بۆ ئینسانی تازە هاتوو پێویستە، بە بەندە فەرموو. شەوشاد جەنابی کاپتن.

**دیمەنی حەوتەم**

(کاپتن و دایەن)

کاپتن: چیت دەوێ؟ چیتە؟ چ شتی تازە هەیە؟

دایەن: سەیرکە ئەدۆلف، تۆ دەبێ گوێم لێ ڕاگری.

کاپتن: قسە بکە مارگرێت، تۆ تاقە کەسێکی کە من بێ ئەوەی لێت تووڕە بم؛ دەتوانم گوێ لە قسەکانت ڕابگرم.

دایەن: ئنجا گوێ بدێ ئەدۆلف. تۆ بیر لەوە ناکەیتەوە، کە لەبارەی ئەو ناتەباییەی نێوان تۆ و خانم– سەبارەت بە منداڵەکە؛ دەبێ هێندە توندوتیژ نەبی؟ تۆ بیر بکەرەوە– دایکێک...

کاپتن: بیر لە « باوک» بکەرەوە، مارگرێت!

دایەن: ئەوەتا، ئەوەتا دەبینی: باوک جگە لە منداڵەکەی، شتی دیکەشی هەیە، بەڵام دایک جگە لە منداڵەکەی هیچ شتێکی دیکەی نییە.

کاپتن: سەیرە کە وا بێت؛ ئەو تەنیا ئەوەی لەسەرە کە باری تەنیا یەک کەس هەڵبگرێ، لە کاتێکدا من دەبێ باری سێ کەس بخەمە سەر شانم. من باری ئەویش هەڵدەگرم . دەزانی من ئەگەر ئەم ژن و ئەم



منداڵەیم نەبووایە؛ ژیانم باشتر دەبوو.

دایەن: بەڵام من نەمدەویست قسە لەبارەی ئەم شتانەوە بکەم.

کاپتن: نەخێر، من دڵنیام، چونکە تۆ نیازت وایە من بهێنیتە سەر ئەوەی بڵێم کە من بەهەڵەدا چوویم.

دایەن: تۆ بیر لەوەی ناکەیتەوە کە من سەرفرازی و ئاسوودەیی تۆم دەوێ!

کاپتن: بۆ نا ئازیزەکەم، من تەواو دڵنیام، بەڵام تۆ لەوە تێ ناگەی کە بۆ ئاسوودەبوونی من چ شتێک باشە و چ شتێک خەراپ. گوێ بگرە، بەلای منەوە ئەمە بەس نییە کە منداڵەکەم هێناوەتە دنیا. من دەمەوێ ڕۆحیشی پێ ببەخشم.

دایەن: من سەر لەم شتانە دەرناکەم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆ دەبێ بتوانی قسەی خێزانەکەت پەسند بکەی.

کاپتن: تۆ هاوڕێی من نیت.

دایەن: من؟ توخوا سەیرکە چ دەڵێ! چۆن دڵت دێ ئەم قسەیە بکەی، ئەدۆڵف؟ تۆ وا دەزانی من لەیادم چۆتەوە تۆم لە منداڵییەوە گەورە کرد، ڕۆڵە گیان؟

کاپتن: نا ئازیزم، من ئەو ڕۆژانەم لەبیر نەکردووە؛ ئەو کاتانەی هەموو خەڵک لەگەڵ من ناتەبا بوون، تۆ وەکو دایک منت گەورە دەکرد و بەرگریت لێ دەکردم، بەڵام ئێستا لە کاتێکدا من بەڕاستی پێویستم بە یارمەتییتە، تۆ پشتی منت بەرداوە و لایەنگیری لە دوژمنەکەم دەکەی.

دایەن: دوژمن؟

کاپتن: بەڵێ دوژمن! تۆ خۆت باش دەزانی لەم ماڵەدا چ هەرایەکە، لە هەوەڵەوە تا دیماهی، لە هەموو ڕووداوێک ئاگاداری!

دایەن: وایە من زۆر شتم لەم ماڵەدا دیوە! بەڵام توخوا، بۆچی دەبێ دوو ئینسان ژیانی یەکتری، هێندە تاڵ بکەن؟ دوو ئینسان کە هەردووکیان هێندە چاکن و بۆ هەموو خەڵکی تریش چاکەیان

دەوێ. خاتوون نە لەگەڵ من و نە لەگەڵ هیچ کەسێکی دیکەش، خراپ نییە. هەرگیز.

کاپتن: تەنیا لەگەڵ من خراپە، من دەزانم. با پێت بڵێم مارگرێت: تۆ ئەگەر ئێستا پشتم بەر بدەی، زوڵمت لێ کردووم. چونکە ئەوانە، دەیانەوێ پیلانم لە دژ بگێڕن. ئەو دکتۆرە تازەیەش هەروەها.

دایەن: ئەدۆڵف، تۆ لە هەموو کەسێک بەغەڵەت تێ دەگەی. دەزانی بۆچی؟ لەبەر ئەوەی تۆ باوەڕێکی ڕاستت نییە، تێ دەگەی؟

کاپتن: بەڵام تۆ و(تەعمیددەرەکان) باوەڕێکی ڕاستتان هەیە-وانا؟ ئێوە بەڕاستی کەسانێکی بەختەوەرن وا نییە!!

دایەن: هەر چۆنێ بێ،. من وەک تۆ بەدبەخت نیم، ئەدۆڵف. تۆ لەو دڵبلندییەی هەتە وەرە خوارەوە، ئەوساتە دەبینی کە خودا دەرگای ئاسوودەییت لێ دەکاتەوە و لەگەڵ خەڵکی دەوروبەرت بەخۆشی دەژیت.

کاپتن: زۆر سەیرە: کە تۆ لەبارەی خوا و خۆشەویستییەوە دەکەویتە قسە، دەنگت گڕ دەبێت و ئاگر لە چاوەکانت دەبارێ. نەء مارگرێت، باوەڕناکەم تۆ بەڕاستی باوەڕێکی ڕاستت هەبێ.

دایەن: بەڵێ گیانەکەم، «ڕۆشنبیری» تۆی سەرکێش و دڵقایم کردووە. بەڵام لەو کاتەی کە ئینسان دەچێتە« ئەو دنیا» ئەمانە هەمووی پووچن؛ زەڕڕەیەک چییە بایەخیان نییە.

کاپتن: بە چ لاف و گەزافێکی سەر سوڕمێنەوە قسە دەکەی، ساویلکە! من باش دەزانم کە «ڕۆشنبیری» بەلای هی وەکو تۆوە، بێ بایەخە.

دایەن: شەرم لە خۆت بکەوە، ئەدۆڵف! بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، مارگرێت ڕۆڵەکەی خۆی لە هەموو کەسێکی دیکە زیاتر خۆش دەوێ، ڕۆڵە تۆش- بە چاوی خۆتەوە دەبینی، کە لە ڕۆژە سەختەکانیشدا، دیسانەوە هەر منم باوەش بە هاواری تۆدا دەکەم.

کاپتن: مارگرێت، من داوای لێبوردنت لێ دەکەم بەڵام باوەڕ بکە، من



دەزانم کە لەم ماڵەدا هیچ کەس وەکو تۆ خێر و خۆشیی منی ناوێ. تۆ یارمەتیم بدە، چونکە لێم ڕوونە هەندێ ڕووداوی گرنگ خەریکە ڕووبەڕوومان دەبنەوە. چییە، نازانم؟ هەر ئەوەندە دەزانم کە کارەساتێکی سامناک خەریکە لێمان نزیک دەبێتەوە.

(لە ژوورەوەڕا قیژەیەک دێت).

چییە ئەوە؟ ئەوە کێیە دەقیژێنێ!

### دیمەنی هەشتەم

(هەمان دیمەن - بێرتا لە دەرگای ژوورەوەڕا، خۆی دەکوتێتە ژوورەوە)

بێرتا: باوکە، باوکە، بگە هاوارم، ڕزگارم کە.

کاپتن: مەسەلە چییە ڕۆڵە گیان؟ قسە بکە.

بێرتا: فریام کەوە، دەیەوێ لێم بدا.

کاپتن: کێ دەیەوێ لێت بدا؟ بڵێ، بزانم؟ قسە بکە.

بێرتا: دایەگەورە بەڵام خەتای من بوو، من فێڵم لێی کرد.

کاپتن: باشە دەی.

بێرتا: ئا، بەڵام بابە گیان، نابێ بۆی بگێڕیتەوە. گوێت لێیە! بەڵێنم دەدەیتێ!

کاپتن: ئا، بەڵام پێم بڵێ مەسەلە چییە؟

(دایەن دەچێتە دەرەوە)

بێرتا: ئێواران کاتێ دایە گەورە فتیلەی چرایەکە دادەبەزێنێ، من لەودیو مێزەکە دادەنیشێنێ. قەڵەمێکم دەداتە دەست و لاپەڕەکیشم لەپێش دادەنێ، ئەوسا پێم دەڵێ کە ئێستا جنۆکەکان دێن، شت دەنووسن.

کاپتن: دەڵێی چی!؟! تۆ تا ئێستە ئەمەت بە من نەگوتووە!

بێرتا: باوکە، داوای لێبوردنت لێ دەکەم، نەمدەوێرا. دایەگەورە دەڵێ: «ئەگەر کەسێک لەبارەی جنۆکەکانەوە شت بگێڕێتەوە، تۆڵەی لێ

دەکەنەوە» ئنجا پاشان، قەڵەم دەست دەکاتە نووسین، بەڵام نازانم داخوا من خۆم شت دەنووسم یا جنۆکەکان. هەندێ جار، زۆر باش دەنووسرێ، بەڵام هەندێ جاری تر هیچ باش نییە. ئەو کاتانەش کە ماندوو ئەبم، هیچ شتێک نایەتە نووسین، کەچی دایەگەورە حەزدەکا بنووسرێ. وابزانم ئەم ئێوارەیە خەریک بوو زۆر باش دەمنووسی بەڵام دایەگەورە گوتی کە ئەوەی نووسراوە؛ هی شاعیری بەناوبانگ ستاگنیلیۆسە من فێڵم لە ئەو کردووە ؛ هەتا بڵێی ڕقی لێم هەڵسا...

کاپتن: تۆ باوەڕت بە هەبوونی جنۆکە هەیە ؟

بێرتا: من نازانم.

کاپتن: بەڵام من لێم ڕوونە کە جنۆکە هیچ بوونی نییە.

بێرتا: ئاخر دایە گەورە دەڵێ کە «تۆ» لە هیچ تێ ناگەی. باوکە، دەڵێ کە «تۆ» خۆت بە شتی قۆڕەوە–کە لەناو ئەستێرەکاندا دەبینرێن؛ خەریک کردووە.

کاپتن: کێ وا دەڵێ، کێ وا دەڵێ! چی دیکە لەبارەی منەوە دەڵێ؟

بێرتا: دەڵێ کە تۆ ناتوانی «سیحر » بکەی .

کاپتن: من هەرگیز نەموتووە دەتوانم. تۆ دەزانی تەنی ئاسمانی چییە؟ تەنی ئاسمانی ئەو بەردانەن کە لە ئەستێرانەوە بەردەبنەوە بەرەو زەوی، من لەم بەردانە دەکۆڵمەوە، دەڵێم بزانم ئایا توخمە پێکهاتووەکانی ئەوانە، هەمان توخمە پێکهاتووەکانی زەوین، یان نا. ئەمە تاقە شتێکە کە من لێی تێ دەگەم.

بێرتا: بەڵام دایەگەورە دەڵێ: ئەو شتی دیکە هەن لێیان تێ دەگا و تۆ ناتوانی سەریان لێ دەربکەیت.

کاپتن: درۆ دەکا.

بێرتا: دایە گەورە درۆ ناکا.

کاپتن: بۆ نا ؟



بێرتا: کەوابوو دایەش هەر دەبێ درۆ بکا.

کاپتن: هم...!

بێرتا: تۆ گەر بڵێی دایە درۆ دەکا، من ئیتر قەت باوەڕ بە قسەکانت ناکەم.

کاپتن: من هەرگیز وام نەوتووە، هەر بۆیەش تۆ پێویست وایە بە قسەکانم باوەڕبکەیت کە پێت دەڵێم ئاسوودەیی و خۆشحاڵیی تۆ لەوەدایە کە بە زووترین کات لێرە بڕۆی. دەڕۆی؟ دەچیە شار بۆ خۆت فێری چەند شتێکی بەکەڵک ببیت!

بێرتا: هەڵبەت من زۆر حەز دەکەم بچمە شار و لەم ماڵە دوور بکەومەوە. بەڵام حەزدەکەم هەندێ جار – مەبەستم هەموو دەمان تۆ ببینم، شار هەمیشە مەلوول و غەمهێنەرە، وەک شەوانی زستان وایە، بەڵام ئەگەر تۆ بێیتە لام دەبێتە سپێدەدەمی ڕۆژێکی بەهار.

کاپتن: کچی ئازیزم، کچی خۆشەویستم.

بێرتا: بەڵام بابەگیان، تۆ دەبێ لەگەڵ دایکم باش بیت، گوێت لێیە؟ ئەو زۆربەی کات هەر دەگرێ.

کاپتن: هم... کەوابوو تۆ ئامادەیت بچیتە شار؟

بێرتا: ئا، بەڵێ.

کاپتن: ئەدی ئەگەر دایکت ڕێت پێ نەدا؟

بێرتا: دەبێت ڕێم پێ دا.

کاپتن: ئەدی ئەگەر نەیهێشت!

بێرتا: ئەگەر نەیهێشت، من نازانم چ دەکرێ. بەڵام ئەو؛ هەر دەبێ بیهەڵێت هەر دەبێ بیهەڵێت.

کاپتن: تکای لێ دەکەی؟

بێرتا: دەبێ تۆ تکای لێ بکەی بە زمانێکی خۆش، چونکە ئەو گوێ ناداتە قسەی من.

کاپتن: هم...! باشە ئێستا گەر تۆ حەزت لێ بێ بچیتە شار و منیش هەر حەزم لێ بێ، بەڵام ئەو پێی ناخۆش بێ، ئەو کاتە چ بکەین؟
بێرتا: ئۆوەها! ئەو کاتە دیسان شەڕوگێچەڵی پێشوو دەست پێدەکاتەوە؛ تۆ بۆچی ناتەوێ تکای لێ بکەی؟

### دیمەنی نۆیەم

(هەمان دیمەنی پێشوو، لەگەڵ لۆرا)
لۆرا: ئەها بێرتا لێرەیە. بشێ بتوانین بیروڕای خۆی لەبارەی ژیانی داهاتوویەوە تێ بگەین.
کاپتن: بێرتا جارێ منداڵە و باوەڕناکەم کچۆڵەیەک شارەزاییەکی ئەوتۆی لەبارەی ژیانەوە هەبێ کە بتوانێ بیروڕای خۆی بەرانبەر داهاتووی دەرببڕێ. هەرچی ئێمەین بەپێچەوانەوە، بەوپەڕی ئاسانییەوە دەتوانین بارودۆخی داهاتووی ئەو ڕەنگڕێژ بکەین، چونکە ئێمە لەبارەی ژیانی ژمارەیەکی زۆری کچی منداڵکارەوە، شارەزایی و ئەزموونمان هەیە.
لۆرا: بەڵام لەبەرئەوەی بۆچوونی ئێمە لێک جیاوازە، ڕای بێرتا خۆی بڕیار دەدا.
کاپتن: نەخێر؛ من ڕێگە نادەم هیچ کەسێک مافی زەوت بکا: نە ژن نە منداڵ. بێرتا بچۆرە دەرەوە.
(بێرتا دەچێتە دەرەوە)
لۆرا: تۆ دەترسای کە بیروڕای بێرتا خۆی ببیستی، لەبەر ئەوەی دەتزانی بەرژەوەندیی منی تێدایە.
کاپتن: من دەزانم بێرتا حەزی لێیە لەم ماڵە دوورکەوێتەوە، بەڵام ئەوەش دەزانم تۆ دەسەڵاتێکی ئەوتۆت بەسەر ناخییەوە هەیە کە دەتوانی بیروڕاکانی بە مەیلی خۆت هەڵسووڕێنی.



لۆرا: لات وایە ئەوەندە بەدەسەڵات بم؟
کاپتن: بەڵێ ، تۆ توانایەکی ئەهریمەنانەت هەیە، دەتوانی هەمیشە قسەی خۆت بێنیتە جێ. هەموو ئەو کەسانەی بەبێ حەیایی و ڕووقایمییەوە خۆیان هەڵدەقورتێننە کاری خەڵکی؛ ئەم توانایەیان هەر هەیە. بۆ نموونە تۆ، چەنێ ئەملا و ئەولات کرد، تا دکتۆر نۆرلینگ-ت لێرە بەدەرنا و ئەم دکتۆرە تازەیەت هێنا.
لۆرا: بەڵێ، ئنجا بەڕاست چۆن لەم کارەدا سەرکەوتم؟
کاپتن: هێندە جنێوت بە دکتۆر نۆرلینگ دا؛ ناچار بوو بڕوا. پاشان بەهۆی براکەتەوە، خەڵکیت هان دا ڕا لەسەر هاتنی ئەم دکتۆرە بدەن.
لۆرا: باشە دەی، ئەم کارە یەکجار ئاسایی و تەواو قانوونییانە بوو. ئێستا دەبێ بێرتا هەر بچێتە شار؟
کاپتن: بەڵێ، لە ماوەی ئەم دوو هەفتەیەدا دەبێ بەڕێ بکەوێت.
لۆرا: ئەمە بڕیاری یەکجاریتە.
کاپتن: بەڵێ.
لۆرا: لەگەڵ بێرتا خۆی لەم بارەیەوە قسەت کردووە؟
کاپتن: بەڵێ.
لۆرا: کەوابوو من دەبێ- بەهەرچی چۆنێک بێ؛ نەهێڵم.
کاپتن: ناتوانی.
لۆرا: سەیرە! ناتوانم؟ تۆ بەڕاست وا تێدەگەی من کچەکەم دەدەمە دەست ئەو زەلامە هەرچی و پەرچییانە؛ بۆ ئەوەی فێری ئەوەی بکەن کە هەرچی شتێک من تیێم گەیاندووە: قسەی پووچ بووە؟ ئەگەر وا بێت، ئیتر بێرتا هەتا ماوە ڕقم لێ هەڵدەگرێ.
کاپتن: ئەی تۆ وا دەزانی (باوک) ڕێگا دەداتە چەند ژنێکی نەفام و لەخۆبایی، کە کچەکەی فێری ئەوە بکەن کەوا باوکی تەڵەکەباز و دەغەڵکارە؟

لۆرا: بۆ باوک، نابێ ئەوەندە بایەخی هەبێ.

کاپتن: سەبارەت بەچی؟ بۆ؟

لۆرا: سەبارەت بەوەی کە دایک لە منداڵەکەیەوە نزیکترە؛ چونکە ڕوون بۆتەوە؛ هیچ کەسێک ناتوانێ بەتەواوەتی بڵێت کە کێ باوکی منداڵەکەیە؟

کاپتن: مەبەستت لەو قسەیەی دەکەی چییە؟

لۆرا: مەبەستم ئەوەیە کە تۆ نازانیت داخۆ بەڕاست تۆ باوکی بێرتای یا نا؟

کاپتن: من نازانم؟

لۆرا: نەخێر؛ شتێک کە ئەگەر هیچ کەس نەیزانی، بێگومان تۆش نایزانی.

کاپتن: ڕادەبوێری یان!؟

لۆرا: نەخێر، ئەوەندەیە:سوود لە قسەکانی خۆت وەردەگرم. جگە لەوە، تۆ چۆن دەتوانی بڵێی کە من خیانەتم لە تۆ نەکردووە!؟

کاپتن: من زۆر باوەڕم بە ئەهریمەنێتیی تۆ هەیە، بەڵام لەم بارەیەوە نەء. دڵنیام ئەگەر شتی وا هەشبێ، قسەت لەبارەوە نەدەکرد.

لۆرا: وای دابنێ ئەوا من خۆم ئامادەکرد: هەموو شتێک و تەنانەت سەرزەنشتکردنی خەڵک و بەسووکایەتی سەیرکردنیشیانم تەحەممول کرد، لەپێناو ئەوەی بتوانم چاوم لە منداڵەکەم بێت و بەئارەزووی خۆم پەروەردەی بکەم؛ ئەم قسەیەش کە ئێستا گوتم ( بێرتا منداڵی منە، منداڵی تۆ نییە ) ڕاست بێت! وای دابنێ.

کاپتن: بیبڕەوە!

لۆرا: دەیبڕمەوە بە مەرجێ وای دابنێی! چی دەسەڵات و هێزی تۆ هەیە، بەمە کۆتایی پێدێ.

کاپتن: باشە بە مەرجێ ئەگەر تۆ سەلماندبێتت کە من باوکی منداڵەکە نیم.

لۆرا: ئەمە هێندە گران نییە؛ حەزت لێیە بیسەلمێنم؟

کاپتن: بیبڕەوە؟



لۆرا: تەنیا ئەوەندەی دەوێ کە ناوی باوکی ڕاستەقینە بێنم و لەبارەی کات و شوێنەکەوە هەندێ شت ڕوون بکەمەوە. «بێرتا»کەی هاتە دنیاوە؟ سێ ساڵ پاش بە ژن و مێردبوونی ئێمە.

کاپتن: بێدەنگ بە، ئەگینا..

لۆرا: ئەگینا چی، تازە دەتەوێ بێدەنگ بم؟ تەنیا چەند دەقیقەیەک بەخۆتدا بچۆرەوە بزانە چی دەکەیت و چی‌ناکەیت، وە ئەو بڕیارانەی دەشیدەی هەوڵدە بە جۆرێک بێت کە نەبیتە گاڵتەجاڕی خەڵکی.

کاپتن: ئەمە گەلێک جێی داخە.

لۆرا: بەڵام زیاتر جێی پێکەنینە بە تۆ!

کاپتن: بە تۆ نا! وانییە؟

لۆرا: ئە، من نەخشەی خۆمم بەوپەڕی زیرەکییەوە کێشاوە.

کاپتن: سەبارەت بەمەیە کە ئینسان ناتوانێ لەگەڵ تۆدا بەربەرەکانی بکات.

لۆرا: ئەدی کەواتە بۆچی دەتەوێ لەگەڵ دوژمنی خۆت بەهێزتر بەربەرەکانێ بکەی؟

کاپتن: بەهێزتر؟

لۆرا: بەڵێ، ئەمە سەیرە، بەڵام من تووشی هەر پیاوێک هاتبم، خۆمم لەو بەهێزتر زانیوە.

کاپتن: ئەمجارەیان لە خۆت بەهێزترت پێ پیشان دەدەم، کە ئیتر قەت لە بیرت نەچێتەوە.

لۆرا: گەلێک سەرنجڕاکێش دەبێ.

(دایەن دێتە ژوورەوە)

دایەن: شێو ئامادەیە، فەرموون.

لۆرا:بەڵێ هەرئێستا.

(کاپتن سستی دەنوێنێ، لەسەر کورسییە دەسکدارەکە، کە لە تەنیشت

مێزە گەورەکەیە، ڕۆدەنیشێ)

لۆرا: نایەی شێو بخۆی؟

کاپتن: نەخێر سوپاس، هیچ ناخۆم.

دایەن: چییە! تووڕەیت؟

کاپتن: نەخێر برسیم نییە.

لۆرا: وەرە، دەنا پرسیاری نابەجێم لێ دەکەن.. پیاوی باش بە. نایەی؛ دە هەر لێرە بمێنەوە.

(دەچێتە دەرەوە)

دایەن: ئەدۆلف بۆچی، چییە دیسان؟

کاپتن: نازانم. ئاخۆ دەتوانی بۆمی ڕوون بکەیتەوە کە بۆچی ڕەفتار لەگەڵ پیاوێکی لەخۆگەڕاوە ئاوها دەکرێ، وەک ئەوەی منداڵێک بێت؟!

دایەن : نەء، من تەواو سەری لێ دەرناکەم، بەڵام لەوانەیە هی ئەوە بێت کە ئێوە هەمووتان، هەموو پیاوەکان، گەورە و بچووک، منداڵی ژنانن!

کاپتن: مەبەستت ئەوەیە کە هیچ ژنێک لە پیاو نەبووە! وانییە، بەڵام من باوکی بێرتام. مارگرێت، پێم بڵێ بزانم، تۆ باوەڕناکەی کە من باوکی بێرتام؟ باوەڕناکەی؟

دایەن: خوایەکا! چ قسە و باسێکی منداڵانەیە! هەڵبەتا تۆ باوکی منداڵی خۆتی. ئێستا با بچین شێوەکەت بخۆ. لێرە دامەنیشە غەم بخۆی. دەی، با بڕۆین.

کاپتن: بڕۆ دەرەوە! بڕۆن بۆ دۆزەخ هەمووتان. هەی جادووگەرەکان.

(بەرەو لای دەرگای ژوورەوە دەچێ)

سڤارد، سفارد!

(خزمەتکار دێتە ژوورەوە)

خزمەتکار: بەڵێ جەنابی کاپتن.



کاپتن: با ئەسپەکانم لە پەیتوونەکان بۆ گرێ دەن، هەر ئێستا.

دایەن: کاپتن، گوێم لێ ڕاگرە.

کاپتن: بڕۆ دەرەوە! هەر ئێستا!

دایەن: خودایە، لە قەزا و بەڵایان بمانپارێزە.

(کاپتن کڵاوەکەی لەسەردەنێ و خۆی تەیار دەکا)

کاپتن: تا نیوەشەو بەتەمای هاتنەوەی من مەبن.

دایەن : خوایە یارمەتیمانده، ئەمە ئەنجامی بە چی دەگا!

# پەردەی دووەم

هەمان دیمەنی پێشوو. چرایەک؛ بەداگیرساوی، لەسەر مێزی ناوەڕاستی ژوورەکەیە

## دیمەنی یەکەم

(دکتۆر و لۆرا)

دکتۆر: لەو گفتوگۆیەی لەگەڵ جەنابی کاپتندا کردم، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە بەتەواوەتی دیار نییە نەخۆشیی هەبێت. پێش هەموو شتێک تۆ بەهەڵەدا چووبوویت لەوەی کە مێردەکەت، تەنە ئاسمانییەکان بە میکرۆسکۆب لێک دەداتەوە. من ئێستا تێ دەگەم: مەبەستی جەنابتان سپێکترۆسکۆبە . لەبەر ئەوە، من لام ڕوونە کە کاپتن، نەک تەنها هیچ گومانێکی تێکچوونی ئەقڵی لێ ناکرێ؛ بەڵکو دیاریشە کە مێردەکەتان خەریکە خزمەتی زۆر گەورە لەپێناو پێشکەوتنی زانستدا ئەنجام دەدا.

لۆرا: بەڵێ ، بەڵام من ئاوهام نەگوت.

دکتۆر: خاتوون، من قسەکانی جەنابتانم بەوپەڕی وردبینییەوە لەبیری خۆمدا پاراست، وە باش لەبیرمە کە من هاتم بەتایبەت لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە پرسیارم لێت کرد ، چونکە وشەکەم باش گوێ لێ نەبوو. ئینسان دەبێ لە شتی ئاوهادا، زۆر باریکبینانە و بەکێش و پێو بیر بکاتەوە، بەتایبەتی کاتێ مەسەلەی سەلماندنی شێتیی کەسێک لە ئارادا بێ.

لۆرا: سەلماندنی شێتی؟

دکتۆر: بەڵێ، ئێوە بێگومان دەزانن کە «شێت» لە هەموو مافێکی خێزانداری و کۆمەڵایەتی، بێبەشە.

لۆرا: نەخێر، من ئەمەم نەدەزانی.



دکتۆر: شتێکی دیکەش هەیە وای لێ کردووم بکەومە گومانەوە: کاپتن لەبارەی ئەوەوە دووا کە کتێبفرۆشەکان وەڵامی نامە و داخوازییەکانی ئەویان نەداوەتەوە. تکا دەکەم ڕاستییەکەم پێ بڵێی، ئایا داخوا تۆ بە قسەی خۆش- غەڵەتکارانە هانت داون و ڕێت لێ گرتوون؟

لۆرا: بەڵێ، ڕاستە. ئەمە ئەرکی سەرشانم بوو کە بەرژەوەندیی ماڵەکە لەبەرچاو بگرم. من ئەگەر دەستم نەخستایەتە کاروباری ئەوەوە، ژیانی ئێمە بەتەواوەتی بە با دەچوو.

دکتۆر: داوای لێبوردنت لێ دەکەم خاتوون. دەڵێی تۆ ئاکامی شتەکانت لێک نەداوەتەوە. کاپتن ئەگەر بەوە بزانێ کە تۆ بەنهێنی دەستت لە کاروباری ئەو وەرداوە، لێت دەکەوێتە گومانەوە، ئەم گومانەش بەپەلە دەشونمێ و هێندە نابا کارەساتێکی گەورەی بەدووادا دێ. سەرەڕای ئەوەش تۆ هاتووی ڕێت لە پێشکەوتنی کاری ئەو گرتووە. ئەگەر بێتوو بەوە بزانێ تووڕە دەبێ، زۆر. ئەمە بزانە خانم، ئینسان کاتێ ڕێگەی ئاواتەکانی و پێشکەوتنی ئیرادەی لێ دەگیرێ، هەر بەتەواوەتی شێت دەبێ.

لۆرا: چما من ئەمە نازانم.

دکتۆر: دە دەبووایە تۆ هیچ نەبووایە بیرت بکردایەتەوە کە مێردەکەت چەنێ بەم کارە سەغڵەت دەبێ.

لۆرا (هەڵدەستێتەوە): نیوەشەوی بەسەرداهات و هەر نەهاتەوە! دەترسم شتێکی بەسەر هاتبێ.

دکتۆر: بەڵام پێم بڵێ، من ئەمرۆ کە جێتانم هێشت؛ چ ڕووی دا. من پێویستە لە هەموو ئەم شتانە ئاگاداربم.

لۆرا: هیچ نا. تابڵێی بە توندوتووڕەییەوە دەستی بە قسەی سەیر و سەمەرە و ناجۆر کرد، بۆ نموونە دەیگوت کە ئەو باوکی منداڵەکەی خۆی نییە.

دکتۆر: سەیرە! ئەم شتەی چۆن چۆتە مێشکەوە؟

لۆرا: تێ ناگەم. ئەوە نەبێ کە لەگەڵ سەربازێک «لەسەر چاوەدێریکردنی منداڵێک» کەوتە مشتومڕەوە. دوور نییە ئەوەبێ کە ئەم شتەی خستبێتە کەللەوە، چونکە من کاتێ لایەنگیریی کچەکەم گرت، تووڕە بوو و گوتی: هیچ کەس ناتوانێ بەدڵنیاییەوە بڵێت کە کێ باوکی منداڵەکەیە. خوا ئاگای لێیە، من چەند پێم کراوە ویستم هێمنی بکەمەوە، بەڵام دەترسم تازە بە هیچ شێوەیەک نەتوانرێ نەجاتی بدرێ.

(دەگریێ)

دکتۆر: ئەم بارودۆخە، نابێ هەروا درێژە بکێشێ. چارەیەکی دەبێ بکرێ، هەڵبەتا بەبێ ئەوەی دڵی بکەوێتە گومانەوە. خاتوون پێم بڵێ، کاپتن پێشتریش هەر لەبارەی ئەوەی کە تۆ دوور نییە هەڵتخەڵەتاندبێ؛ شتی ئاوهای لێ دەردەکەوت، یا نا؟

لۆرا: شەش ساڵ لەمەوبەریش دیسان هەمان مەسەلە هاتەوە ئارا، بەڵام پاشان، چوو بە دەستی خۆی بۆ دکتۆری نووسی و دانی پێ پێدا نا کە ئەقڵی تێک چووە.

دکتۆر: سەیرە! کەوابوو ئەم شتە لەناو مێشکیدا بنجی داکوتاوە. ئەی حورمەت و پاکیی ژیانی خێزانەکە! بەڵێ ئەم شتانە...؟ هەڵبەتا من ڕێ نادەم خۆم لەبارەی هەموو شتێکەوە پرسیار لە جەنابتان بکەم خاتوون؛ ناچارم کە ڕاوێژ تەنیا لەسەر شتە ڕووکەشەکان بکەم. بەداخەوە: ئاوێک کە ڕژا کۆناکرێتەوە. بەڵام هەر چۆنی بێ، بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە نەخۆشییانە، دەبێ پەنا ببردرێتە بەر ڕووداوە کۆنەکان. داخۆ بە ڕای تۆ ئێستا لە کوێ بێ؟

لۆرا: بیرم بۆ هیچ شوێنێک ناچێ. تازە ئیتر بە خەیاڵاتی حەلەق و بەلەقەوە گرتوویەتی.

دکتۆر: حەز دەکەی من لێرە بمێنمەوە تا دێتەوە؟ بۆ ئەوەی بە خراپ تێ



نەگا، دەتوانین بڵێین کە تەندروستیی دایکتان باش نەبوو و من بۆ فەحسکردنی ئەو هاتم.

لۆرا: بەڵێ، زۆر بەجێیە. تکا دەکەم ئێمە بەتەنیا جێ مەهێڵە دکتۆر. تۆ نازانی من چەند پەشێوم! بەڵام ئایا وا باشتر نییە کە تۆ یەکڕاست بیروڕای خۆتی لەبارەی نەخۆشییەکەیەوە پێ بڵێی؟

دکتۆر: نەخێر، ئێمە دکتۆرەکان، کاری ئاوها ناکەین، مەگەر نەخۆشەکە خۆی، لەبارەی نەخۆشییەکەیەوە قسە بکا – تەنانەت ئەوساش هەر، کەم ڕێک دەکەوێ شتی لە لا باس بکەین. ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی بە ڕادەی توندیی نەخۆشییەکە و تێڕوانینی نەخۆشەکەوە هەیە. بەڵام، ئێمە نابێ لێرە دانیشین، لەوانەیە باشتر وابێ من بچمە ژوورەکەی ئەولاوە، ئاوها ئاساییتر دێتە پێش چاو.

لۆرا: بەڵێ. باشترە. دەمێکی دیکە، مارگرێت دێ لێرە دادەنیشێ. هەر کاتێ کاپتن درەنگی بەسەر دابێ، مارگرێت ڕاهاتووە کە بەدەم چاوەڕێکردنییەوە دابنیشێ. مارگرێت تاقە کەسێکە کە بتوانێ کاری لێ بکات.

(بەرەو لای دەرگای دەستە چەپ دەڕوا)

مارگرێت. مارگرێت.

دایەن: بەڵێ خاتوون؛ جەنابی کاپتن هاتەوە؟

لۆرا: نەء، بەڵام تۆ دەبێ لێرە دانیشی و چاوەڕێی بیت. کە هاتەوە پێویستە پێی بڵێی کە دایە گەورە نەخۆشە و لەبەرئەوە چووین دکتۆرمان بانگ کرد.

دایەن: زۆر باشە خاتوون، وای پێ دەڵێم.

لۆرا: (ئەو دەرگایەی دەچێتەوە سەر ژوورەکەی بنەبانێ، دەخاتە سەرپشت) فەرموو بەم لایەوە، جەنابی دکتۆر.

دکتۆر: سوپاس.

**دیمەنی دووەم**

(دایەن لەودیو مێزە گەورەکەوە دانیشتووە و ئینجیلەکەی خۆی دەرهێناوە و چاویلکەی کردۆتە چاو)

دایەن: ئاه، بەڵێ، بەڵێ.

(بە دەنگێکی مەیلەو بڵندەوە گۆرانی دەڵێ)

حەیف لەدەست ئەم ژیانە مەینەتاوییە
حەیف لەدەست ئەم کەندەڵانە فرمێسکاوییە
مردن بە دنیا زەفەری برد و پاشایەک ئاسا
لە گێتیدا دەنگی دایەوە هاواری شوومی..
هەمووی پووچە فانییە دنیا!
بەڵێ، بەڵێ! بەڵێ، بەڵێ
لەم دنیایەدا هەرکەس کە ژیا و عومری هەبوو ماوەیەکی کەم
لەبەردەمی شمشێرەکەیدا هەرەسی برد و لەنێو خوێنی خۆیدا گەوزی!
کەس لە مردن نەبوو نەجاتی؛ بە غەیری غەم
ئەویش نووسی لەسەر نەعشێکی پتەودا فەرزی
گشتی پووچە، فانییە دنیا!

(بێرتا بەخۆی و ترمزی قاوە و کاری چنینی دەستییەوە، دێتە ژوورەوە؛ بەئەسپایی قسەدەکا)

مارگرێت، ڕێم دەدەیێ لە لای تۆبم. بەتەنیا لەو بانە دەترسم.

دایەن: ئەهـ خوایەکا تۆ هێشتا هەر بێداری، بێرتا؟

بێرتا: ئەمە بۆ باوەگیان دەچنم، دەمەوێ تا ڕۆژی جەژنی (لەدایکبوونی مەسیح) بۆی تەواو بکەم. شتێکی خۆشیشم بۆ تۆ هێناوە.

دایەن: دەزانم ئازیزەکەم، ئێستا سەعات لە دوانزەی شەو لای داوە.

بێرتا: باشە بەچی دەچێ مارگرێت؟ ئاخر، من ناوێرم بە تەنیا لە ژوورەکە



دانیشم. خێو و جنۆکەم لێ ڕاست دەبنەوە– وا هەست دەکەم.

دایەن: ئەوەیە. چما من پێم نەوتی؟ تۆ لێمی وەرگرە: ئەم ماڵە شوومە، جێی ژیان نییە! گوێت لە دەنگیش بوو؟

بێرتا: نا، هەر بە خەیاڵ، وەک ئەوە وابوو کەسێک لە ژووری ژێر جەمەلۆنەکانەوە، لەبەرخۆیەوە گۆرانی بڵێ.

دایەن: لە ژووری ژێر دەندەکانەوە؟ بەم وەختەی شەو؟

بێرتا: دەنگێکی گەلێک غەمگین هەبوو، من قەت دەنگی هێندە غەمگینم گوێ لێ نەبووە. دەنگەکە لەوە دەچوو لە ژووری عەزەنووزەکانەوە بێ، ئەو ژوورەی بێشکەکەی لێیە، دەزانی، لای دەستەچەپ...

دایەن: ئاه خوایەکا... ئەمشەو هەواش هەر، چەنێ ناخۆشە! –با– خەریکە دووکەڵکێشی خانووەکە لە بنجەوە هەڵدەتەکێنێ.

(دەست بە گۆرانی دەکاتەوە)

چییە دەسکەوتی ئەم ژیانە غەمهێنەرە
چییە مەبەست لەم عومرە بێ بەهرە و بەرە
لە شەڕ و بەڵا– حەیف: هیچ کەس
بێ ئاگا نەبێ لەم ژیانە زووتێپەڕە–
هەمووی پووچە، فانییە دونیا.

بەڵێ ڕۆڵە گیان. بیکردایە ئەمساڵ جەژنێکی خۆشمان بگێڕایە.

بێرتا: مارگرێت، ڕاستە بابە نەخۆشە؟

دایەن: بەڵێ زۆر.

بێرتا: دە کەواتە، ئێمە ناتوانین لە شەوی (لەدایکبوونی مەسیح) جەژن بگێڕین. ئەی چۆن لەناو جێ ناکەوێ، مادام نەخۆشە؟

دایەن: دەزانی، ڕۆڵە گیان، نەخۆشییەکەی ئەو بەشێوەییێکە پێویست ناکا لەناو جێ بکەوێ. وس، دەڵێی کەسێک لە دالانەکەیە. راکە بچۆرە ژوورەکەت، بنوو؛ ترمزی قاوەکەش لەم ناوە لابە، دەترسم باوکت

پێی سەغڵەت ببێ.
بێرتا ( بەخۆی و ترمزەکەیەوە دەچێتە دەرێ ): شەوشاد مارگرێت.
دایەن: شەوشاد ڕۆڵەگیان، خوا دەست بەباڵتەوە بگرێ.

## دیمەنی سێیەم

(دایەن و کاپتن. کاپتن پاڵتۆکەی دادەکەنێ)
کاپتن: هێشتا هەر بێداری؟ بڕۆ بنوو.
دایەن: من لێرە چاوەڕێ بووم کە...
(کاپتن مۆمێک دادەگیرسێنێ.
مێزی نووسینەکەی دەکاتەوە و لەو دیویەوە دادەنیشێ، کۆمەڵێک کاغەز و ڕۆژنامە لە باخەڵی دەردەهێنێ)
دایەن: جەنابی ئەدۆڵف!
کاپتن: چ دەڵێی؟
دایەن: دایەگەورە نەخۆشە، دکتۆریش لێرەیە- لای ئەوە.
کاپتن: حاڵی خەتەرە؟
دایەن: نا گیانەکەم، بڕواناکەم. تەنیا هی سەرمایە- بەس.
کاپتن(هەڵدەستێتەوە سەرپێ): مارگرێت، باوکی منداڵەکەی تۆ، کێ بوو؟
دایەن: ئوو وەی! چما چەندین جاری دیکە پێم نەوتووی؟ ئەو کابرا سەربەهەشە بوو: جۆنسۆن.
کاپتن: تۆ دڵنیای کە باوکی منداڵەکەی تۆ، ئەو بوو؟
دایەن: قسەی چەند منداڵانە دەکەی؟ هەڵبەتا دڵنیام؛ جگە لە ئەو کەسی دیکە نەبوو.
کاپتن: بەڵێ، بەڵام ئایا ئەو خۆیشی دڵنیابوو لەوەی کە تۆ بەس لەگەڵ ئەودا بووی!؟ نە ء، ئەو نەیدەتوانی دڵنیا ببێ، بەڵام تۆ دەتوانی.. تێ دەگەی؟ جیاوازییەکە ئەمەیە.



دایەن: من هیچ جیاوازییەک نابینم.
کاپتن: نە ء تۆ ناتوانی بیبینی، بەڵام بە هەرحاڵ ئەم جیاوازییە هەیە.
(لەسەر مێزی ناوەڕاستی ژوورەکەدا، ئەلبوومێک دانراوە. کاپتن لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە و تەماشای ڕەسمێکی بێرتا دەکا)
بە ڕای تۆ، بێرتا بە من دەچێ؟
دایەن: بۆ نا، ئەرێ وەڵا؛ هەر دەڵێی سێوێکن و کراون بە دوو لەتەوە.
کاپتن: مارگرێت، داخۆ جۆنسۆن خۆیشی هەر، باوەڕی دێنا بەوەی کە ئەو باوکی منداڵەکەت بوو؟
دایەن: چارەی نەبوو!
کاپتن: چەنێ سامناکە! ئەوە دکتۆرە.

## دیمەنی چوارەم

(کاپتن و دایەن و دکتۆر)
کاپتن: شەوباش جەنابی دکتۆر، تەندروستیی خەسووم چۆنە؟
دکتۆر: هیچی وانییە، پێی چەپی نەختێک لەجێ چووە.
کاپتن: من وابزانم مارگرێت وتی سەرمای بووە! لەوە دەچێ یەک (نەخۆشی) دوو ناوی هەبێ. بڕۆ بنوو، مارگرێت.
(دایەن دەچێتە دەرەوە. کەمێ بێدەنگ)
کاپتن: تکا دەکەم دانیشە، دکتۆر ئویستەر مارک.
دکتۆر(دادەنیشێ): سوپاس.
کاپتن: جەنابی دکتۆر، ئەوە ڕاستە دەڵێن؛ کەری زێبرا و ماین لەگەڵ یەکتر جووت بکەی، جووانوویەکی خەتوخاڵداریان لێ دەردەچێ؟
دکتۆر(زۆر بە سەرسوڕماوییەوە): هەڵبەتا ڕاستە.
کاپتن: ئەوەش ڕاستە، کە ئەم جووانووە ئەگەر لەگەڵ ئەسپێکی جووت بکەی، بێچووەکەی ئەوانیش هەر، خەتوخاڵدار دەبێ؟

دکتۆر: بەڵێ، ئەمەش هەر ڕاستە!

کاپتن: دە کەوابوو ئەسپ لە هەلومەرجێکدا دەتوانێ ببێتە باوکی جووانوویەکی خەتوخاڵدار، بەپێچەوانەشەوە.

دکتۆر: بەڵێ، وا دێتە پێش چاو.

کاپتن: بەم پێیە، دەتوانین بڵێین کە لەباوکچوونی منداڵ، ناتوانرێ بکرێتە بەڵگە، بۆ دیارکردنی باوکی هەقیقی.

دکتۆر: ..واتە..

کاپتن: واتە بەم شێوەیە، ناتوانرێ بسەلمێندرێت کە کێ باوکی منداڵەکەیە.

دکتۆر: ئم م... هەڵبەتا...

کاپتن: تۆ بە ژن وماڵیت و منداڵیشت هەن؟

دکتۆر: منداڵ؟ بەڵێ.

کاپتن: ئایا قەت ئەوەت بە خەیاڵدا هاتووە کە بەخۆوە نازینت بەوەی کە باوکیت، چەنێ مایەی گاڵتەجاڕییە؟ بە بۆچوونی من، هیچ شتێک لەوە پێکەنیناوی تر نابێ کە ببینم باوکێک منداڵەکانی خۆی لەگەڵ خۆیدا لە جادان بگێڕێ، یان گوێم لێ بێ کە باوکێک قسە لەبارەی منداڵەکانی خۆیەوە بکات. ڕاستییەکەی وایە، ئەو دەبێ بڵێت «منداڵەکانی ژنم». تۆ هیچ لەوە تێگەییوی کە بەخۆنازینت بەوەی کە باوکی؛ چ هەڵەیەکی گەورەیە ؟ ئایا هیچ دوودڵییەک لای تۆ پەیدا نەبووە و ڕۆحی ئازار نەداوی؟ هەڵبەتا ناڵێم «گومان»، چونکە من کابرایەکی خوێندەوارم و تێ دەگەم؛ دەبێ بزانم گومانکردنت لە خێزانەکەت بەتەواوەتی بێ مەعنایە.

دکتۆر: نەخێر، من هەرگیز دوودڵیم نەبووە. جگە لەوە، جەنابی کاپتن، وەک ئەوەی، وا بزانم گۆتەیە، دەڵێ: پیاو پێویستە متمانەی بەوە هەبێ کە منداڵەکانی هی خۆین.

کاپتن: «متمانە» و دەستی ژنیش لە ئیشەکەدا هەبێت؟ ئەمە ترسناکە.



دکتۆر: ئۆه! ژن هەموو یەک ماڵ نین.

کاپتن: لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەیسەلمێنن کە تەنها یەک جۆر ژن لە سروشتدا هەیە. من دوو بیرەوەریم لە ژیانی ڕابردووەوە لە بیرە، کە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. وە هەرکاتێک دێنەوە یادم، لەبارەی ئەو متمانەیەی فەرمووت، دەکەومە گومانەوە. من لە هەرەتی گەنجیمدا گەلێک بەخۆوە و– ئەگەر بەخۆ مەتحکردنیش وەری نەگری– گەلێک کەشخە و قۆز بووم. جارێکیان لەگەڵ چەند برادەرێک پێکەوە، لەناو سالۆنی پاپۆڕێکدا دانیشتبووین، بەڕێوەبەری پاپۆڕەکە، کە ئافرەتێکی گەنج بوو، هات و لە تەنشت مندا دانیشت، دەستی کردە گریان. دەیگوت دەزگیرانەکەم لەناو دەریا خنکاوە. ئێمە هەڵبەتا پێناخۆشبوونی خۆمان دەربڕی و دڵمان دایەوە. من داوای شامپانیام کرد. پاش خواردنەوەی پەرداخی دووەم، دەستم بەسەر قاچییەوە بوو، دوای پەرداخی چوارەم بەسەر ئەژنۆی و بەرەو سەرەوە، هێشتا سپێدە دەمی نەدابوو: ئەو بەتەواوەتی، نسکۆ و سوگواریی بیر چووبۆوە!

دکتۆر: جەنابی کاپتن، بە گوڵێک بەهار نایە.

کاپتن: ئێستا گوێ لە چیرۆکی دووەم ڕاگرە، ئەم چیرۆکەیان بەڕاستی پەیوەندیی بە گوڵێکی بەهارییەوە هەیە. چووبوومە (لیکسیل)، ژنێکی گەنج لەوێ هەبوو، منداڵەکانیشی هەر لەلای خۆی بوون، بەڵام مێردەکەی لە شار بوو. ئەم ژنە لەوە دەچوو ژنێکی گەلێک خواپەرست و دیندار بێ. بەدرێژایی کات هەر خەریکی نوێژ و دوعا بوو. کاتێ یەکترمان ناسی، لە سەرەتادا دەستی کردە مەوعیزەدان و ئامۆژگاری کردنم. من بیرم بۆ ئەوە چوو بەڕاستی داخۆ چ ژنێکی خواناس و بەدین بێ، چەند کتێبێکم دایێ کە لای بێ. کاتێ ویستی بگەڕێتەوە شار، بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕێم دەکرد کتێبەکانی دامەوە. من سێ مانگ پاشی ئەوە، کارتێکم لە تویی

ئەو کتێبانەدا کەوتە بەر دەست، کە تیایدا، بەئاشکرا، خۆشەویستی و نیازی پەیوەندی بەستنی بۆ دەربڕیبووم .بەڵێ، ئەم خۆشەویستی دەربڕینە بێ گوناهـ بوو، وەکو ئەو بێ گوناهییەی ژنێکی بەمێرد ئەوینی خۆی بۆ پیاوێک دەردەبڕێ کە تازە ناسیویەتی و کابراش بچووکترین نیازی پەیوەندی بەستن چییە بۆ ئەوی دەرنەبڕیوە! ئەمە ئیتر پەیوەندیی بە ڕەوشتەوە هەیە، جەنابی دکتۆر. متمانەت زۆر بە شت نەبێ.

دکتۆر: بەڵام ئینسان ناتوانێ بەبێ متمانە بژیت.

کاپتن: نەء، ژیان بە متمانەش ناکرێت. بەڵام تۆ سەیرکە دکتۆر ئویستەر مارک، ئەم ژنە بەبێ ئەوەی تێ بگات، دەیویست خیانەت لە مێردەکەی بکا. بە جۆرێک بە منەوە گرتبووی، کە مەسەلەکەی بە مێردەکەشی گوت. هەبوونی دوو حاڵەتی غەریزیی جیاواز لە ئینساندا، بەبێ ئەوەی کە ئینسانەکە خۆی ئاگاداربێت، بە ڕای من یەکجار ترسناکە. هەڵبەتا من لەگەڵ تۆ یەک ڕام لەسەر ئەوەی کە ئەم شتە، خەتای (تاوانبار) تا رادەیەک کەم دەکاتەوە، بەڵام باوەڕی من لەق ناکات، تەنها ڕاستی دەکاتەوە.

دکتۆر: جەنابی کاپتن، بیروباوەڕەکانی تۆ بە دەوری شتی بۆگەندا دەخولێنەوە. تۆ دەبێ هەوڵ بدەی هەندێک ئاگات لە بیروباوەڕەکانی خۆت بێت.

کاپتن: نەدەبووایە وشەی بۆگەنت بەکارهێنایە. تۆ دەزانی کە هەموو مەنجەڵێکی هەڵم پەست کاتێ پلەی گەرمیی دەگاتە(١٠٠)، دەتەقێتەوە، بەڵام توندیی تەقینەوەی هەموو مەنجەڵێکی هەڵمپەست وەک یەکتر نییە، تێ دەگەی؟ هەروەها دەمویست عەرزی جەنابتی بکەم، کە تۆیان هێناوەتە ئێرە- بۆ ئەوەی ئاگاداری هەڵسوکەوتەکانی من بیت. من تەنیا گەر پیاو نەبوومایە، مافی ئەوەم هەبوو کە هەزار پینەوپەڕۆ بهێنمەوە و



پەنجەی تۆمەتان ڕاوەشێنم، یان وەکو ئەوەی کە دەڵێن (شکایەتی حاڵی خۆم بکەم). لەوانەیە بشمتوانیایە جۆری نەخۆشییەکەم بەتەواوەتی دەسنیشان بکەم، وێڕای ئەوەش ڕۆژی پەیدابوون و نەشونمای نەخۆشییەکەم بۆ جەنابتان دیاری بکەم، بەڵام بەداخەوە، من پیاوم و چارەم نییە، تەنیا ئەوە نەبێ: وەکو پیاوان دەستم لە سەر سینەم قەدکەم و هێند هەناسە لە سینەمدا پەنگ دەمەوە، تا ئەوساتەی کە ئیدی دەمرم. شەو شاد.

دکتۆر: کاپتن، تۆ ئەگەر نەخۆشیت هەیە و بە بەندەی بفەرمووی، ئەمە نابێ ئابڕوو و دڵبەڵندیتان بریندار بکات. من ئەرکی سەرشانمە گوێ لە قسەی ئەوەی بەرامبەرم ڕابگرم.

کاپتن: وابزانم ئەو قسانەی لە یەک سەری داوی کێشەکەوە بیستت، بەس بێ بۆت.

دکتۆر: وانییە جەنابی کاپتن. من کاتێ خێزانەکەتان، باسی مێردی ڕەحمەتیی پێشووی خۆی بۆ کردم، لە دڵی خۆمدا گوتم، کە بەڕاستی مایەی داخە ئەو پیاوە ماڵئاواییی لە دنیا کردووە.

کاپتن: تۆ لەو باوەڕەدای ئەگەر زیندووبووایە هیچ قسەیەکی بکردایە؟ وە ئایا تۆ وا دەزانی کە هەر مێردێکی مردوو، ئەگەر دووبارە بێتەوە، قسەکانی بە پەسند بزانن؟ دکتۆر شەوشاد، تۆ ئاگات لێیە کە من زۆر ئارامم، وە تۆ بەوپەڕی دڵساییییەوە دەتوانی بچی بۆ خۆت بنووی.

دکتۆر: زۆر باشە جەنابی کاپتن. شەو شاد. بەداخەوە من نابێت لەوە زیاتر دەست لەم کارە وەردەم.

کاپتن: کەوابوو تۆ لەگەڵم بوویتە دوژمن؟

دکتۆر: بەهیچ جۆرێک. تەنیا ئەوەیە کە بەداخەوەم: ناتوانین ببینە هاوڕێی یەکتر. شەوشاد.

(دەچێتە دەرەوە)

(کاپتن دکتۆر بەرێ دەکات پاشان بەرەو دەرگای دەستە چەپ دەڕوا و دەرگاکە لاونیو دەکا )

کاپتن: وەرە ژوورێ، من دەمەوێ قسە لەگەڵ تۆ بکەم. زانیم هاتووی وەستاوی گوێ هەڵبخەی.

## دیمەنی پێنجەم

( لۆرا شڵەژاوە و بەوپەڕی ناڕاحەتییەوە دێتە ژوورەوە. کاپتن لەودیوی مێزی نووسینەکەی دادەنیشێ)

کاپتن: زۆر درەنگە. بەڵام ئێمە دەبێ لەبارەی ئەم مەسەلانەوە قسە بکەین. دانیشە.

(بێدەنگی)

ئەمڕۆ ئێوارە چوومە پۆستەخانە بۆئەوەی نامەکانم وەربگرمەوە، بۆم دەرکەوت کە تۆ نامەکانی منت وەرگرتووە و لای خۆت پاراستووتن: هەم ئەو نامانەی بۆ خەڵکیم دەنووسی، هەم ئەوانەش کە خەڵکی بۆیان نووسیوم. ئاکامی ڕاستەوخۆی ئەم کارەی تۆ، وای کرد ئیشوکاری من دوابکەوێ، ئەم دواکەوتنەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەو ئەنجامانە سەرتاپا نەزۆک بن کە من تەمام وابوو بە هەوڵدان و زەحمەت چەشتن؛ بەدەستیان بێنم.

لۆرا: شتێک بوو من لە خۆشەویستییان کردم، چونکە تۆ ئەرکی وەزیفەی خۆتت بەلاوە نابوو، کاتی خۆتت بەخۆڕایی بەم ئیشەوە دەکوشت.

کاپتن: هەڵبەتا ئەم هەڵوێستە نابێ ناوی لێ بنرێ خۆشەویستی، چونکە تۆ باش دەتزانی، کە من لە ئەنجامی ئەم دۆزینەوەیەدا، دەشیا ڕۆژێک ڕوتبەی بالاتر و شۆرەتی زیاتر بەدەست بێنم؛ بەڵام تۆ بەتەواوەتی سەری دنیات لێ هاتبۆوە یەک؛ وات بە باشتر دەزانی کە من نەگەمە ئەم شانازییانە، بۆ ئەوەی «ناچیزەیی» و هیچ لە باردانەبوویی تۆ دەرنەکەوێ. منیش لە هەمبەر ئەم کارەی تۆ، ئەو



نامانەی کە بۆ تۆ و بەناوی تۆوە هاتبوون، کردمنەوە و خوێندمنەوە.

لۆرا: زۆر لوتفت فەرموو.

کاپتن: بە خوێندنەوەی ئەم نامانە وام بۆ دەرکەوت کە تۆ زۆرت باوەڕت بە من هەیە! شتێکی دیکەشم هەر بۆ ڕوون بۆوە، ئەویش ئەوە بوو کە ئێستا تۆ ماوەیەکە خەریکیت برادەرە دێرینەکانم لێ دەورووژێنی، وە لەناو ئاشناو ڕۆشناکانم وات بڵاوکردۆتەوە کە بارودۆخی دەروونیی من تێک چووە. تۆ لەم کارەشدا هەر سەرکەوتوویت، چونکە هاوکارەکانم- تەنیا یەک زەلامیان نەبێ- هەر هەموویان؛ لە ڕائیدەوە بگرە تا دەگاتە چێشتلێنەری قشڵەی سەربازخانەکە، وا تێ گەیشتوون کە من تێک چوومە. لە کاتێکدا ڕاستییەکەی ئەوەیە کە مێشکی من، وەک خۆشت دەزانی، لەوپەڕی ساغی و سەلامەتی دایە؛ وە من توانای ئەوەم هەیە کە هەم فەرمانەکانی سەربازی بەڕێوەبەرم، هەم فەرمانەکانی باوکایەتیشم. مێشکی من تا ئێستا، کەم تا زۆر، لەژێر دەسەڵاتی خۆمدایە، وە مادام من ئیرادەم هێشتا هەر لە کارە، بە هەمان شێوە بەردەوام دەبم. بەڵام تۆ بۆ ڕیسواکردنی من، چاڵێکی ئاوهات هەڵکەنیوە کە هێندە نابا، هێزی ئیرادەی من لەژێر زەبری ئەم مەکینە دگاندارەی بۆت داناوم هەپروون بەهەپروون دەبێ. ئەوکاتەیە کە ئەم کۆئەندامی مێشکەی من بەتەواوەتی لەکاردەکەوێ. من هەرگیز نایەمە سەر ئەوەی بێم هەست و نەستی تۆ بۆ لای خۆم ڕابکێشم؛ لێت ناپاڕێمەوە، تکاشت لێ ناکەم، چونکە من هیچ هەست و نەستێک لە تۆ شک نابەم. هەمان ئەو نەبوونییە هەست و نەستەشە، کە هێز و توانای بەخشیوەتە تۆ. بەڵام من دەمەوێ بەرژەوەندیی خۆتت تێ بگەیەنم.

لۆرا: تکاکارم کە بفەرمووی.

کاپتن: تۆ بەم ڕێگەیەی گرتووتتەبەر، توانیوتە گومانی من بورووژێنیت: دەسەڵاتی ڕاست و چەوت لێک جوداکردنەوەم، لێ سەندراوەتەوە،

ناتوانم بەتەواوەتی بڕیاربدەم. ئەمە نیشانەی هەمان ئەو شێتییەیە کە تۆ چاوەڕێی دەکەیت و دوور نییە هەر ئان و ساتێک بە چاوی خۆتەوە ببیینی. لەمەوە، ئێستا ئەو مەسەلەیە دێتە پێشەوە کە ئایا کامە ڕێگە زیاتر لە بەرژەوەندیی تۆدایە: من شێت بم، یا شێت نەبم؟! باش لێی بکۆڵەوە. من ئەگەر بێتوو لە پێ بکەوم، بێگومان دەبێ خزمەتی دەوڵەت بەجێ بێڵم، ئەوکاتە ژیان بەرێوەچوونی تۆش، هێندە جێی ڕەزامەندیت نابێ. بەڵام ئەگەر بێتو بە مەرگی ئاسایی خۆم بمرم، مافی مسۆگەرکرانی ژیانی من، هەمووی بۆ تۆ دەگەڕێتەوە. بەم شێوەیە، بەرژەوەندیی تۆ لەوەدایە کە من لە ژیانی سروشتیی خۆمدا بەردەوام بم و بە مەرگی ئاسایی بمرم.

لۆرا: ئەمە تەپکەیە بۆ منی دەنێیتەوە؟

کاپتن: هەڵبەتا، بەڵام بەدەست خۆتە گەر مەقەیەتی بیت و نەکەویتە ناویەوە.

لۆرا: تۆ دەڵێی گوایە خۆت دەکوژی؟ تۆ قەت دەستت ناچێتە ئەم کارە.

کاپتن: بەڵام زۆریش لەم قسەیەت دڵنیا مەبە. بە ڕای تۆ پیاوێک کە ئومێدی بە هیچ کەسێک نەمابێ. بەڕاستی؛ داخۆ دەتوانێ درێژە بە ژیانی خۆی بدا؟

لۆرا: کەوابوو تۆ تەسلیم بووی؟

کاپتن: نەخێر، بەڵام پێشنیهادی ئاشتیت لەگەڵ دەکەم.

لۆرا: مەرجەکانی تۆ چین؟

کاپتن: بهێڵی کە ئەقڵم لەدەست نەدەم. لەم گومانە ڕزگارم بکەیت، ئەوکاتە، من ئیتر هیچ کێشەیەکم لەگەڵت نامێنێ.

لۆرا: گومانی چییە؟

کاپتن: لەبارەی حەڵاڵزادەیی بێرتاوە.

لۆرا: چما گومانت لێی هەیە؟



کاپتن: بەڵێ گومانم لێی هەیە، وە تۆ(خۆت) ئەم گومانەت خستە دڵمەوە.

لۆرا: من؟

کاپتن: بەڵێ، تۆ ئەم گومانەت- وەکو تۆوی فریز- لە مێشکی مندا بڵاوکردەوە، وە ئەم تۆوی فریزە لە ئەنجامی چەند ڕووداوێکەوە پەرەی سەندووە. لەم گومانەم ڕزگارکە؛ ڕاست و ڕەوان پێم بڵێ کە خیانەتت لێ کردووم. من پێش دانپیانانت لێت دەبوورم.

لۆرا: تۆ بەڕاستی نابێ چاوەڕێی ئەوە بیت : گوناهێک کە من نەمکردووە، لە ئەستۆی بگرم.

کاپتن: تۆ کە دڵنیابیت من ڕیسوات ناکەم، قەیدی چییە گەر پێی لێ بنێی. تۆ ئاخۆ دەچێتە ئەقڵتەوە کە پیاو بۆ خۆی دۆڵ بۆ خۆی لێ بدا؟

لۆرا: من گەر پێت بڵێم گومانکردنەکەت لە جێی خۆیدا نییە.. بە پەسەندی نازانی، بەڵام گەر بڵێم ڕاستە.. پێت خۆشە. تۆ دەڵێی حەزدەکەی ئەم بە هەڵە تێگەیشتنەت بەڕاست بگەڕێ!

کاپتن: بەوپەڕی سەرسوڕماویەوە دەبێ بگوترێ: وایە، چونکە گریمانی یەکەم نایەتە سەلماندن، گریمانی دووەمە کە شیاوی سەلماندنە.

لۆرا: تۆ هیچ بەڵگەیەکت بۆ ئەم گومانکردنەی خۆت هەیە؟

کاپتن: هەم هەمە و هەم نیمە.

لۆرا: من وا تێ دەگەم تۆ دەتەوێ لە سەرەتادا تاوانەکەی من بسەلمێنرێت، پاشان بەم ڕێخۆشکردنە، لە کۆڵە خۆتم بکەیتەوە و پەروەردەکردنی بێرتا بەتەواوەتی بخەیتە دەستی خۆتەوە. بەڵام تۆ ناتوانیت من باوێیتە ئەم داوەوە.

کاپتن: بێگومان تۆ هێندە دەزانی: من ئەگەر خیانەتی تۆم بۆ ڕوون بۆوە؛ ئیتر بەتەما نیم منداڵی پیاوێکی دیکە بەخێو بکەم.

لۆرا: نەء، من دڵنیام بەتەما نیت، بەڵام ئەم قسەیە ئەوە دەسەلمێنێت کە تۆ، تازە، پێش ماوەیەک، بە درۆ بە منت گوت لێم دەبووریت.

کاپتن (هەڵدەستێتەوە سەر پێ): لۆرا رزگارم بکە و ئەقڵی خۆمم بدەرەوە. تۆ دەڵێی تێ ناگەی من چ دەڵێم؛ ئەم منداڵە ئەگەر لە من نەبێ، من دەسەڵاتم بەسەر ئەوەوە نییە. وە هیچمان لە هیچی یەکتر نامێنێ. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە تۆ دەتەوێ، وایە یان نا؟ چۆنی پەروەردە دەکەی بیکە: تۆ خۆت خاوەنی دەسەڵاتی! منیش ئەوساتە ڕەچاوی ئێوە هەردووکتان دەکەم!

لۆرا: «دەسەڵات». بەڵێ! چما سەرتاپای هەوڵدان و کۆششی ئینسان لەپێناو دەسەڵاتدا نییە؟

کاپتن: تۆ دەزانیت: من باوەڕم بە ئەو دنیا نییە؛ ئەم منداڵە ئەو دنیای من بوو. باوەڕی (بوونی هەمیشەییی منی) بەهێز دەکرد، وە لەوانەیە تاقە شتێک بێ کە بتوانێ ئەم باوەڕە لە ئینساندا بەهێز بکات. تۆ ئەگەر بێتوو لەم ئومێدە بێبەریم بکەیت، بێگومان، پاشماوەی عومرم، زۆر بەزوویی کۆتایی پێ دێ.

لۆرا: ئێمە بۆچی بەوەخت لە یەکتری جیانەبووینەوە؟

کاپتن: لەبەرئەوەی ئەم منداڵە بەیەکترمانی بەستبۆوە؛ بەڵام ئەم پەیوەندییە لێمان بووە تۆق. ئێستا، بۆچی ئاوهای لێ هات؟ چۆن؟ من ناچێتە ئەقڵمەوە. ئێستا، کە بیری لێ دەکەمەوە، خۆم بە تاوانبار، بەڵکو هەر بەحوکم لەسەردراو تێ دەگەم. ئێمە دوو ساڵ بوو ببووینە ژن و مێردی یەکتر، منداڵمان نەبوو، تۆ هۆیەکەت باش دەزانی. من نەخۆش کەوتم و خەریک بوو بمرم. من لەوکاتەی لەناو ئاگری تادا دەسووتام، چرپە چرپێکم لە ساڵۆنەکەوە هاتە بەرگوێ، تۆ و پارێزەرەکە بوون، لەبارەی ئەو میراتەی کە من ئەوسا لە دوای خۆمم بەجێ دەهێشت، قسەتان دەکرد. ئەو باسی ئەوەی بۆ دەکردیت کە تۆ، لەبەرئەوەی منداڵت لە من نییە، لە میرات بێبەری دەکرێی، پاشان لێتی پرسی کە داخۆ سکت هەیە؟ من وەڵامدانەوەی تۆم گوێ لێ نەبوو. پاشان کە من چاک بوومەوە، منداڵێکمان بوو. باوکی ئەم منداڵە کێیە؟



لۆرا: تۆ.

کاپتن: نەء، من نیم. تاوانێک هەیە لەم بەینەدا شراوەتەوە و دووکەڵێکی ژەهراویی لێوە هەڵدەستێ. چ تاوانێکی ئەهریمەنانەش! ئێوە، ژنان، لەپێناو ئازادیی قولەڕەشەکاندا هەمیشە دڵسۆزیتان نواندووە، کەچی ڕۆڵە سپی پێستەکان دەهاونە ژێر زنجیرەوە. من تەبای کۆیلەیەکی بەزێر کڕاو. لەپێناو تۆ و منداڵەکەت و دایکت و خزمەتکارەکانت، شەو و ڕۆژ هەر کارم کردووە، هیچ ئاگایەکم لە ئیشوکار و پلە و پایەی خۆم نەمابوو؛ شەو نەنوستن و دەرد و ئەشکەنجە دەروونییەکانم، هەمووم لەپێناو تۆ تەحەممول کرد، تا بەمرۆ ڕادەگا- کە قژم سپی کرد؛ هەموو ئەمانەم لەپێناو ئەوەدا کرد کە تۆ ژیانێکی ئاسوودە و بێ دەردەسەری ببەیتە سەر، وە کاتێ پیریش بووی جوانیی ژیان لە منداڵەکەتدا بدۆزیتەوە. من هەموو ئەم ناخۆشییانەم بە گیان کڕی- بێ هیچ گلە و گازاندەیەکیش، لەبەرئەوەی وام دەزانی کە من باوکی ئەم منداڵەم! ئەمە ناشیرینترین جۆرەکانی دزی کردنە و، سەختترین جۆرەکانی کۆیلایەتیش! وا حەڤدە ساڵە کە من، بێ هیچ گوناه و تاوانێک وەک ئەوانەی کە حوکمی ئەشغال شاقەیان بەسەردا دراوە، ژیان بەسەر دەبەم. تۆ لە پاداشتی ئەم هەموو ئازار و ڕەنجەڕۆییە، چیت لەدەست دێ کە بمدەیتێ؟

لۆرا: من واتێ دەگەم تۆ ئێستا بەتەواوەتی شێت بوویتە.

کاپتن( دادەنیشێ): ئەمە تاقە ئومێدێکە کە تۆ هەتە! من باش ئاگام لێ بوو چۆن هەوڵت دەدا گوناهی خۆت داپۆشی. من بەزەییم بە تۆ دادەهاتەوە، لەبەرئەوەی نەمدەتوانی لە گریی غەمی تۆ تێ بگەم. چەندین جار هاتووم ڕۆحی نائارامتم داسەکناندۆتەوە و ویژدانتم ئارام کردۆتەوە؛ لەبەرئەوەی وا تێ دەگەیشتم کە بەهەڵەدا چووبووم؛ گریانی تۆم بەدەم خەوەوە کەوتۆتە بەرگوێ و هەوڵم داوە

که گوێم له قسەکانت نەبێ. ئێستا، باش لەبیرمە، کە شەوی پێش لەدایکبوونی بێرتا، دەوری سەعات دوو وسێی بەیانی، من هێشتا هەر بێدار بووم و کتێبم دەخوێندەوە، تۆ وەک ئەوەی کەسێک خەریک بێ بتخنکێنێ؛ لە زریکەتدا «نەکەی! نەکەی!» من بە مست کوتامە دیوارەکەوە، چونکە نەمدەویست لەمە زیاتر هیچم گوێ لێ بێ. من ماوەیەکی زۆرە بەگومانم، بەڵام جورئەتی ئەوەم نەبوو ئەم گومانەم بەڕاست بزانم، من ئەم هەموو ئەشکەنجەیەم لە پێناو تۆ تەحەممول کرد، تۆ لە پاداشتی ئەمە چیم بۆ دەکەی؟

لۆرا: من چیم لە توانادایە بیکەم؟ من دەتوانم قەسەم بخۆم بە خودا و بە هەرچی موقەدەسات هەیە، کە باوکی بێرتا تۆی.

کاپتن: ئەم قسەیە بە کەڵکی چی دێ. تۆ پێشتر- چەندین جار گوتووتە کەوا دایک دەتوانێ، پێویستیشە، لەپێناو منداڵەکەی، خۆی لە هیچ گوناهێک نەپارێزێ. من بە یادی ڕۆژانی ڕابردووەوە سوێندت دەدەم، وەک پیاوێکی گیان پڕ برین کە پەرۆشی ئاخرین کوتەکی گیاندەرهێنی خۆی بێ؛ لێت دەپاڕێمەوە ڕاستییەکەم پێ بڵێی! تۆ نابینی- من وەک منداڵ، حەوجەی یارمەتیم؟ تۆ گوێت لێیە- من وەک منداڵ کە لە دایکی بپاڕێتەوە؛ دەلالێمەوە؟ تۆ ئەوەت لەبیر نەچێ: من پیاوم، من لە ئەرتەشدام و ئینسان و ئاژەڵ بە یەک وشە دەستەمۆ دەکەم؛ من تەواو وەک ئینسانێکی نەخۆش هانات دەبەمە بەر، چی هێزی پیاوەتی و دەسەلاتم هەیە پشتگوێم خستووە و بۆ بەزەیی هاتنەوەت بە ژیانم؛ لێت دەپاڕێمەوە.

لۆرا: (لێی نزیک دەبێتەوە و دەستی دەخاتە سەر نێوچەوانی) چییە، خەریکە دەگرییێت، کابرا؟

کاپتن: بەڵێ دەگرییێم، سەرەڕای ئەوەی کە پیاویشم. چما پیاو چاوی نییە؟ چما پیاو دەست و قاچ و باوەڕ و هەڵچوونی نییە؟ چما پیاو هەمان ئەو خواردنە ناخوا کە ژن دەیخوا؟ بە هەمان ئەو نێزەیە



لەشی برینی تێ ناکەوێ و بە هەمان زستان و هاوین سەرما و گەرمای نابێ؟ تۆ ئێستا ئەگەر دەرزیەکەم تێوە بژەنی، خوێن لە لەشمەوە فیچقە ناکات؟ گەر ختووکەم بکەیتەوە، پێناکەنم. ئەگەر ژەهرم دەرخوارد بدەی، نامرم؟ پیاو بۆچی بۆی نییە گازاندان بکا، یان سەربازێک بۆی نییە بگریت؟ لەبەرئەوەی ئەمە عادەتی پیاوان نییە؟ بۆ عادەتی پیاوان نییە؟

لۆرا: کەوابوو، ڕۆڵە گیان، دەی، چەندی حەزت لێیە بگری. وا بزانە لای دایکت دەگرییێی. بەبیرتە ئەو وەختەی تازە تێکەڵی ژیانت ببووم، وەک دایکی دووەمت وابووم. ئەم جەستە زل و زەبەللاحەی تۆ، دەمار چییە تێیدا نەبوو. تۆ وەک منداڵێکی زەبەلاح وابووی، کە پێش کاتی خۆی لەدایک دەبێ، یا وەک منداڵێک کە بوونی هیچ پێویست نییە.

کاپتن: بەڵێ، وایە. دایک و باوکم منیان نەدەویست، سەرباری ئەوە، من بێ ئەوەی خۆم حەز بکەم هاتمە دنیاوە. هەر بۆیە، کاتێ من و تۆ بووینە ژن و مێرد زۆر ئاسایی بوو کە من وام دەزانی خۆم دروست دەکەم، هەر بۆیەش، تۆ بوویتە ئەندامی بەهێزتری (ئەم لەشە هاوبەشە)، هەرچی منیش بووم، کە لە سەربازخانە فەرماندە بووم و سریەی سەربازیم لەژێر دەستدا بوو، خۆم دایە دەست تۆ، تۆش بە هەمان شێوە هێنامتە بار. من تۆم بە کەسێکی کارامە و بەهێز دەزانی، وەک منداڵێکی نەفام گوێڕایەڵت بووم و فەرمانەکانی تۆم بەجێ دەهێنا.

لۆرا: بەڵێ، وابوو، من تۆم وەک منداڵێکم خۆش دەویست. بەڵام تۆ، دەبێ خۆت لەوە تێگەیشتبیت، کە هەست و نەست و سروشتی تۆ؛ چ وەختێک گۆڕا؟ تۆ نیازت وابوو کە بەشێوەی ئەویندارێک خۆت پێم بناسێنی. من لە شەرمان سوور هەڵگەڕام. زەوق وەرگرتن لە باوەشی تۆدا بۆ من بووە مایەی حەسرەت و پەشیمانی. وەک ئەوەی

بڵێی چی گەردیلەی خوێنم هەبوون، هەمووی ڕژانە بۆتەی شەرمەوە. دایک بووە یار. ئۆوھ!

کاپتن: من هەستم پێ کرد، بەڵام تێ نەگەیشتم. کاتێ هێنامە پێش چاوم کە تۆ سەبارەت بە نەبوونی جەسوورایەتی و پیاوەتیم لێم بێزاری؛ هەوڵم دا هێزی پیاوەتی لە خۆمدا برەو پێ بدەم و تۆ تەبای ژنێک بخەمە ژێر باندووری هەست و نەستی پیاوانەمەوە.

لۆرا: بەڵێ، بەهەڵەداچوونی تۆ لەمەدا بوو. ( دایک) هاوڕێت بوو، سەرنجت داوە، بەڵام (ژن) بووە دوژمنت. ئەوینی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز، واتە شەڕ و شۆڕ. بیر لەوەش نەکەیتەوە کە من خۆم دایە دەست تۆ؛ من خۆمم بەدەستەوە نەدا، بەڵکو ئەوەی حەزم لێی دەکرد؛ هێنامە دەست. هەرچی تۆش بووی، تەنیا یەک شتت لە من زیاتر هەبوو، من خۆشم حەزم دەکرد کە بەو شتەی خۆت بزانی.

کاپتن: تۆ هەمیشە لە من زیاتر شتت هەبوو. من سەرەڕای ئەوەی هەموو هەست و نەستیشم لەسەر خۆی بوو، بەڵام بوونی خۆمت لێ دەستاندم، بۆیە من نە شتێکم دەبینی، نە هیچ قسەیەکم گوێ لێ دەبوو؛ کاری من تەنیا بەجێهێنان بوو؛ تۆ لە تواناتدا هەبوو پەتاتەیەکی کاڵم بدەیتە دەست و بشمهێنیتە سەر ئەو باوەڕەی کە هەڵووژەیە. تۆ منت ناچار دەکرد باوەڕە پووچەکانت وەک باوەڕی بلیمەتەکان بە پەسند بزانم؛ دەتتوانی وام لێ بکەیت بچم تاوانێک بکەم. بەڵێ، دەتتوانی وام لێ بکەی تەنانەت شتی نابەجێ و ناشیرینیش بکەم. لەبەرئەوەی تۆ بڕستی تێگەیشتنت لە شتان نەبوو، وە لە جیاتی ئەوەی بێی بیروڕاکانی من بخەیتە کار، پشتت بە هێزی بیرۆکەکانی خۆت دەبەست. بەڵام من لەئەنجامدا بێدار بوومەوە و کەوتمە بیرکردنەوە، تێگەیشتم کە شەرەف و سەربڵندیی من وا خەریکە پێشێل دەکرێ. بڕیارم دا کە بەئەنجامدانی کارێکی



گەورە، بەدیهێنانێک، دۆزینەوەیەک، وەیا بە خۆکوشتنێکی پڕ لە شانازی، ئەم پەڵە پیسەی سەرداوێنی ئابڕوو و شەرەفم پاک بکەمەوە. دەمویست بچمە بەرەکانی جەنگ، ڕێیان نەدامێ. ئنجا هاتم خۆم بە کاروباری زانستییەوە سەرقاڵ کرد. ئێستاش، کە دەستم درێژ کرد بۆ ئەوەی بەری ڕەنج و ماندووبوونی خۆم تام بکەم، تۆ لە ناکاو بازووت بڕیم. ئێستا، من پیاوێکم شەرەفی خۆمم لەدەست داوە و ناکرێ چیتر درێژە بە ژیانی خۆم بدەم، لەبەرئەوەی پیاو شەرەفی نەبێ، ناتوانێ بژیت.

لۆرا: ئەدی ژن؟

کاپتن: بۆ نا. ئەو، منداڵەکانی موڵکی خۆیەتی، بەڵام پیاو منداڵی نییە. هەرچۆنێ بێ، ئێمەش وەک هەموو ئینسانێکی دیکە، بێ ئاگا و غافڵ درێژەمان بە ژیانی خۆمان دا و سەرگەرمی بیرکردنەوە و خەیاڵاتی خۆمان بووین، بەڵام یەکسەڵەف بێدار بووینەوە و ئەم ژیانە خەیاڵاوییە کۆتایی پێ هات. بەڵام کاتێ بێدار بوویەوە سەرمان لەجێی قاچماندا بوو. ئەو کەسەش کە بێداری کردینەوە، خۆی لە خەوی غەفڵەتدابوو. کاتێ ژن بەناوساڵ دەکەون و سیمای ژنایەتیان هەڵدەزوورێ، موو لەژێر چەناگەیان دەردەکەوێ؛ من تێ ناگەم ئەدی پیاو کاتێ پیر دەبن و دەسەڵاتی پیاوەتی لەدەست دەدەن؛ چییان لێ بەدەردەکەوێ! ئەو پیاوانەی وەک کەڵەشێر دەقووقێنن، ڕاستییەکەی، کەڵەشێری خەساون. وە لەم کاتەدایە مریشکەکان بۆیان دێنە وەڵامدانەوە. ئینجا هەر بۆیە ئێمە کاتێ وامان دەزانی خۆر خەریکە لە ئاسۆوە دەردەکەوێ، تەبای ڕۆژانی پێشوو، خۆمان لەبەر مانگەشەودا، لە کەلاوەکەدا دۆزییەوە. ئەمە تەنیا خەوبردنەوەیەکی سپێدان بوو کە ئینسان تێیدا خەونی ناخۆش دەبینێت و بێداریشی بەدوادا نایەت.

لۆرا: دەزانی، تۆ دەبووایە شیعرت بگوتایە.

کاپتن: لەوانەیە.
لۆرا: من خەریکە خەو دەمباتەوە، گەر خەیالاتی بۆشی دیکەت هەن، هەڵیانگرە بۆ سبەینێ.
کاپتن: دەمەوێ شتێکی دیکەش لەبارەی ڕاستییەکانەوە پێ بڵێم- تۆ لە من بێزاری؟
لۆرا: بەڵێ، ئەو کاتانەی دەتەوێ پیاوەتیی خۆت بەسەر مندا فەرزبکەی.
کاپتن: کەوابوو تۆ، دژی ڕەگەزی پیاویت. ئەگەر ئەوەی دەڵێن:(ئینسان لە مەیموونەوە پەیدا بووە) ڕاست بێ، ئەوا بێگومان ئێمە لە دوو جۆرە مەیموونی لە یەکتر جیاوازەوە کەوتووینەتەوە. ئێمە هەرگیز وەکو یەکتر نین.
لۆرا: مەبەستت لەم قسەیە چییە؟
کاپتن: من دەزانم لەم شەڕ و پێکهەڵپژانەدا، یەکێک لە ئێمە دەبێ بدۆڕێ.
لۆرا: کامەمان؟
کاپتن: هەڵبەتا ئەوەی کە لاوازترە .
لۆرا: وە ئەو کەسە لەسەر هەقە، کە (بە هێزترە)!
کاپتن: هەڵبەتا. لەبەرئەوەی: بەهێزترە.
لۆرا: کەوابوو من لەسەر هەقم.
کاپتن: چما- بەڕاست- هێز لەدەستی تۆدایە؟
لۆرا: بەڵێ، هێزی یاسا. ئەمەش هەمان ئەو هێزەیە کە سبەینێ بەهۆی ئەوەوە دەتخەمە ژێر ڕکێفمەوە.
کاپتن: ژێر ڕکێف؟
لۆرا: من ئەوکاتە، دەتوانم منداڵەکەم بە مەیلی خۆم پەروەردە بکەم- بەبێ ئەوەی گوێ بدەمە خەیالات و بیری بۆشی تۆ.
کاپتن: گەر من نەبم کێ مەسرەفی پەروەردەکردن و خوێندنی ئەو دەدات؟



لۆرا: تەقاویتیت.
کاپتن (بەشێوەیەکی سامناک، شالاوی بۆ دەبا): ئەی چۆن دەمخەیتە ژێر ڕکێفتەوە؟
لۆرا (نامەیەک لە باخەڵی خۆیەوە دەردێنێ): بەم نامەیە، کە نوسخەیەکی لەلای سەرۆکی نەخۆشخانەکەیە.
کاپتن: چ نامەیەک؟
لۆرا: (بەرەو دەرگای دەستەچەپ دەکشێتەوە) نامەی خۆت، ئەو نامەیەی بە خەتی خۆت بۆ دکتۆرت نووسیوە کە تۆ شێتی.
(کاپتن بەبێدەنگییەوە تەماشای دەکا)
ئێستا دەتوانرێ بوترێ : تۆ ئەرکی باوکایەتیی خۆتت (کە مسۆگەرکردنی نان و ئاوە) بەباشی جێبەجێ کردووە، ئیدی تۆ چیتر پێویست نیت و دەبێ بڕۆیت. دەبێ بڕۆیت، چونکە تێگەیشتی کە هێزی مێشکی من تەبای ئیرادەم بەهێزە، وە لەبەرئەوەی تۆ ناتەوێ باوەڕ بەدەسەڵاتی من بێنی.
(کاپتن بەرەو دەستەچەپی مێزەکە هەنگاو دەنێ.
پردەداتە چرایەکە و ڕایدەوەشێنێتە لۆراوە. لۆرا لە دەرگای دەستەچەپەوە قوتاری دەبێ)

# پەردەی سێیەم

هەمان دیمەنی پێشوو. چرایەکی دیکە لەسەر مێزەکەیە.
کورسییەکەش لە بەردەم دەرگای هاتنە ژوورەوە کە دەچێتەوە سەر نووسینگەی کاپتن، دانراوە

## دیمەنی یەکەم

(لۆرا و دایەن)

لۆرا: کلیلەکانی دایە تۆ؟

دایەن: بیداتە من؟ نەء- خودا لە گوناهم ببووریێ: من ئەو کلیلانەم لە گیرفانی ئەو جلوبەرگانەیەوە هێنانە دەر کە نۆید هێنابووی پاکیان کاتەوە.

لۆرا: کەوابوو ئەمڕۆ (نۆید) سەرکارە؟

دایەن: بەڵێ، ئەمڕۆ نۆید سەرکارە.

لۆرا: کلیلەکان بدەرە من.

دایەن: فەرموو. بەڵام ئەمە وەک جۆرە دزییەک وایە. دەنگی قاچیت لەو بانە گوێ لێیە، خاتوون؟ دێت و دەچێ، دێت و دەچێ.

لۆرا: دەرگای ژوورەکە باش داخراوە؟

دایەن: بەڵێ، باش.

لۆرا (مێزی نووسینەکە دەکاتەوە و دادەنیشێ): هەندێک وریای خۆت بە مارگرێت. هیچ شتێک لە شێنەیی و ئارامی زیاتر ناتوانێ ئێمە ڕزگار بکات.

(یەکێک لە دەرگا دەدا)

کێیە؟

دایەن: (دەرگای ڕێڕەوەکە دەکاتەوە) نۆیدە.

لۆرا: با بێتە ژوورێ.



نۆید (دێتە ژوورەوە): نووسراوێکم لەلایەن کۆلۆنێلەوە هێناوە، خاتوون.

لۆرا: بێنە بمدەرێ.

(دەیخوێنێتەوە)

ئەهـ ، نۆید، فیشەگەکانت لە تفەنگ و فیشەگدانەکان هێنانە دەرێ!

نۆید: چۆنی وتت جێبەجێم کرد، خاتوون.

لۆرا: زۆر باشە. چەند دەقیقەیەک لە دەرەوە چاوەڕێ بە، بۆئەوەی وەڵامی نامەکەی کۆلۆنێل بدەمەوە.

(نۆید دەچێتە دەرێ و لۆرا دەکەوێتە نووسین)

دایەن: خاتوون گوێ ڕاگرە. داخوا بە ڕای تۆ، ئێستا لەو سەربانە خەریکی چییە؟

لۆرا: کە شت دەنووسم، بێ دەنگ بە.

(دەنگی بڕینی شتێک دەبیسترێ)

دایەن: (لەبەرخۆیەوە) ئاه خوایەکا، بمانپارێزە. خودا دەست بە باڵمانەوە بگرێ. ئەنجامی ئەم حاڵە بە چی دەگا؟

لۆرا: وەرە، ئەمە بدەرە نۆید. دایکم نابێ بە هیچ جۆرێک بەم مەسەلەیە بزانێ، تێدەگەی؟

(دایەن بەرەو لای دەرگا دەڕوا. لۆرا چەکمەجەی مێزی نووسین ڕادەکێشێ و کاغەزەکانی ناوی دەردەهێنێ)

## دیمەنی دووەم

(لۆرا و قەشە)

( قەشە کورسییێک ڕادەکێشێ و، لە تەنیشت لۆرا- کە لەودیوی مێزی نووسین دانیشتووە، دادەنیشێ)

قەشە: شەوباش، دادە. وەک دەزانی من ئەمڕۆ لە شار نەبووم، تازە هاتمەوە. بیستم کەوا هەندێ ڕووداوی سامناک لێرە ڕوویان داوە.

لۆرا: بەڵێ برام، هیچ شەو و ڕۆژێکی ژیانم ئاوها سەخت نەگوزەراندووە.

قەشە: بەڵام من هیچ نیشانەیەکی ماندوویێتی و نائاسوودەیی لە ڕوخساری تۆدا نابینم.

لۆرا: نەء، سوپاس بۆ خوا. بەڵام تۆ بیری لێ بکەرەوە، گەر کارەساتێک ڕووی دابایە، بە چی دەگەڕا؟

قەشە: تکا دەکەم بۆمی باس بکە، لە چییەوە دەستی پێ کرد! من لە هەر کەسێک جۆرە قسەیەکم گوێ لێبووە.

لۆرا: بەم خەیاڵە پووچەوە دەستی پێ کرد کە دەیگوت من باوکی بێرتا نیم، بەوەش کۆتایی هات چرایەکەم بۆ ڕابوەشێنێت.

قەشە: بەڕاستی ترسناکە! ئەمە شێتییە، ئیتر لێی پیس کردووە و بەوپەڕی گەیشتووە.

لۆرا: ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین ڕێگە لەم کردارە خەتەرناکانە بگرین. دکتۆر ڕای سپاردووە دەستەجلێکی تایبەتیی شێتەکانی لە نەخۆشخانەوە بۆ بێنن. هەروەها نامەیەکیشم بۆ کۆڵۆنێڵ نووسی، هەر بەڕاستیش دەمەوێ بە بارودۆخی ماڵەوە و کاروباری خێزانەکاماندا بچمەوە کە تاکو ئێستا زۆر بەخراپی بەڕێوە دەچوو.

قەشە: ئەمە جێی داخە، زۆر! من هەمیشە چاوەڕوانیی ڕووداوێکی ئاوهام دەکرد. باڕووت و ئاگر لەئەنجامدا دەبنە سۆنگەی تەقینەوان. چ لەناو ئەم چەکمەجانەدایە؟

لۆرا (چەکمەجەیەک ڕادەکێشێ): سەیرکە، دەڵێیی هەر چی شت هەن لێرەی ئاخنیون.

قەشە: (سەیری ناو چەکمەجەکە دەکا): سەیرە! بووکۆکەکانی تۆشی هەر لێوە ئاخنیون. ئەمەش ئەو کڵاوەیە کە لە ڕۆژی غەسلوتەعمیدا لەسەرت بوو. ئەهـ، ئەمە شەقشەقەکەی بێرتایە، نامەکانی تۆ، ئەلبووم.

(فرمێسکی چاوی دەسڕێتەوە)



لەوە دەچێ تۆی گەلێک خۆش ویستووە، لۆرا. من هەرگیز ئەو شتانەم نەپاراستوون.

لۆرا: من دەزانم کە خۆشی دەویستم، بەڵام ڕۆژگار، ڕۆژگار زۆر شت دەگۆڕێ.

قەشە: ئەم کاغەزە گەورەیە چییە؟ ڕەچێتەی مەسرووفاتی هەڵکەندنی گۆڕ! بەڵێ، گۆڕ باشترێکە لە نەخۆشخانە! لۆرا، پێم بڵێ بزانم، تۆ لەم کارەساتەدا خۆت بە پاک و بێ خەتا دەزانی؟

لۆرا: من؟ پیاوێک گەر خۆی ئەقڵی تێک بچێ، دەبێ من لۆمە بکرێم؟

قەشە: زۆر باشە، من هیچ قسەیەک ناکەم. هەڵبەتا خوێن لە ئاو خەستترە.

لۆرا: بەم قسەیە دەتەوێ بڵێیی چی؟

قەشە: (لێی ڕادەمێنێ) گوێ بگرە!

لۆرا: دەڵێیی چی؟

قەشە: گوێ بگرە، بێگومان تۆ ناتوانیت ئینکاری ئەوە بکەی کە حەزت لێ بوو تۆ خۆت بتوانی منداڵەکەت پەروەردە بکەی.

لۆرا: باش تێ ناگەم.

قەشە: بەڕاستی ئافەرینت لێ دەکەم.

لۆرا: لە من؟ همم!

قەشە: وە من لایەنگیری لەو پیاوە بێ دینە (پەنجە بۆ سەربان درێژ دەکا) دەکەم. دەزانی، من هەمیشە وام دادەنا کە ئەو لە باخی ژیانی ئێمە، تەواو وەکو تاڵە گیایەک وایە.

لۆرا: (زەردەخەنەیەکی کورتخایەنی بۆ دەکا و یەکسەڵەف گرژ دادێ)، جا تۆ جورئەتی ئەوەت هەیە ئەم قسەیە بڵێییتە من– کە من ژنی ئەوم؟

قەشە: تۆ زۆر بەهێزی، لۆرا. لە ڕادەبەدەر بەهێزی. تۆ تەبای ڕێویەک، کاتێ قاچت کەوتە تەڵەوە، وات پێ باشترە قاچت بقرتێنی،

بۆئەوەی خۆت قوتار بکەیت و لە داوەکە بێیتە دەرەوە! تەبای دزێکی زۆرزان- حەوجەت بە (بەردەست) نییە بۆ خۆت، تەنانەت حەوجەت بە ویژدانیشت نییە. تۆ لەبەر ئاوێنەدا خۆت ببینە! هەڵبەتا جورئەت ناکەی!

لۆرا: من قەت تەماشای ئاوێنە ناکەم.

قەشە: نەء، ناوێری! کوا سەیری دەستت کەم! نە پەڵە خوێنێک کە چیرۆکی کوشتنێک بگێڕێتەوە، نە شوێنەواری ژەهر! کوشتنی گیانێک کە بەوپەڕی شێنەییەوە ئەنجام دراوە و یاسا ناتوانێ تاوانکارەکەی بدۆزێتەوە؛ چونکە بەبێ خواست ئەنجام دراوە، بەبێ خواست! چ ڕێ خۆشکردنێکی کارامانەیە! گوناهێک کە لێی غافڵیت! غافڵیت! ئەم دۆزینەوانەی کە کاپتن ئەنجامی داون، گەلێک گرنگترن. گوێت لێیە چۆن لەوێ خەریکی کارکردنە. وریای خۆت بە، گەر تۆی بکەوێتە بەر لەپ، هەقی خۆتت لە چنگ دەنێ.

لۆرا: تۆ وەک ئەو کەسانەی تاوانێکیان کردووە، وا پێ دەچێ شەرم لە خۆت بکەیتەوە. گەر دەتوانی، تاوانبارم کە.

قەشە: ناتوانم.

لۆرا: دەبینی؟ ناتوانی. بۆیە، من: بێگوناهم. تۆ پارێزگاریی ئەو بکە، منیش پارێزگاریی منداڵەکەم. دکتۆر خەریکە بەرەو ئێرە دێ.

**دیمەنی سێیەم**

(هەمان دیمەنی پێشوو، لەگەڵ دکتۆر)

لۆرا: (هەڵدەستێتەوە) شەوباش جەنابی دکتۆر. تۆ خۆ هیچ نەبێ دەتوانی یارمەتیم بدەی. ئامادەی؟ بەڵام بەداخەوە، تازە هیچ شتێکی گرنگ نەماوە، بیکەی. گوێت لێیە لەو سەربانە چی دەکا؟ ئێستا بەتەواوەتی بۆت یەکلا بۆوە؟

دکتۆر: ئەو شتەی بۆ من یەکلا بۆتەوە ئەوەیە کە شاڵاوێکی یەکجار بەتین



ڕووی تێکردووە. ئێستا دەبێ سەیر بکرێ، داخۆ ئەم شاڵاوە لە تووڕەییبیان بووە، یا لە شێتییەوە.

قەشە: بەڵام ئەگەر ئەم شاڵاوە بەتینەش هەر لەبەرچاو نەگیرێ. تۆ دەبێ بزانی کە ئەو، لە شاڵاوبردنی بیروباوەڕەکانی، بە ئەندازەی شێتێک توندوتیژە.

دکتۆر: جەنابی قەشە، من وا بزانم تۆش هەر لە شاڵاوهێنانی بیروباوەڕەکانت توندوتیژیت.

قەشە: بیروباوەڕی بێ خەوشی من لەبارەی شتەکانی ئەو دنیاوە...

دکتۆر:.. باشە، ئێمە بیروباوەڕی بێ خەوش لە لایەک دانێین. خاتوون، جەنابت دەبێ بڕیار بدەیت کە مێردەکەت سەبارەت بەو کارەی کردوویەتی، ئایا دەبێ حەپس بکرێ، یا ببردرێتە شێتخانەوە، یانیش بهێنرێتەوە سەر هۆشی خۆی؟! بە ڕای تۆ لەهەمبەر ئەم ڕەفتارەی ئەو، چ بکرێ؟

لۆرا: من ئێستا، ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە.

دکتۆر: کەوابوو تۆ تا ئێستە باوەڕێکی چەسپیوت لەبارەی ئەوەوە نییە کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خێزانەکە چ شتێک باشترە؟ ئەی تۆ چ دەڵێی جەنابی قەشە؟

قەشە: بە هەر حاڵ، هەر چی بڕیارێکی لەسەر بدەی، مایەی ڕسوایی و ئابڕووچوونە. وتنی ئاسان نییە.

لۆرا: بەڵام ئەگەر ئەو، تەنیا سەبارەت بە شاڵاوهێنانی بۆ سەر من تاوانبار کرابێ، هیچ دوور نییە و لەدەستیشی دێ کە دووبارەی بکاتەوە.

دکتۆر: ئەگەر بشیخەنە زیندانەوە، زوو ئازاد دەکرێ. بۆیە تاقە ڕێگایەک کە بەرژەوەندیی هەمەولایەکی تێدایە، ئەوەیە کە وەکو شێتێک ڕەفتاری لەگەڵ بکەین. دایەن کوا؟

لۆرا: چیت لێی دەوێ؟

دکتۆر: من پاش ئەوەی قسەم لەگەڵ کاپتن تەواوکرد، هەر کاتێ

ئیشارەتێکم کرد، پێویستە دایەن جلوبەرگە تایبەتییەکەی شێتان بکاتە بەر کاپتنەوە، بەڵام نەک پێش ئەوە. من جلوبەرگەکەم هێناوەتە ئێرە.

(دەچێتە دەرەوە و بوخچەیەکی گەورە لەگەڵ خۆی دێنێتە ژوورەوە)

(لۆرا لە زەنگەکە دەدا. دایەن دێتە ژوورەوە)

قەشە::سامناکە! سامناکە!

دکتۆر:(جلوبەرگە تایبەتییەکەی شێتان، لە بوخچەکە دەردەهێنێ)

تکا دەکەم ئاگاداربیت: هەر وەختێکی من هەستم کرد کە کاپتن خەریکە شالاو بهێنێ و پێویستە ڕێگا لە شالاوهێنانی و توندوتیژیی کردەوەی ئەو بگیرێ؛ حەز دەکەم تۆ لە دواوەڕا ئەم جلوبەرگەی بکەیتە بەر. وەک ئەوەی دەبینی، قۆڵەکانی زۆر درێژن.. ئەم قۆڵە درێژانە، بۆئەوەیە کە ڕێگە لەوە بگرێت دەست و پەل بوەشێنێت ، دوو پەت لەوێ هەن، پێویستە بەناو بەرەزووانەکەدا ببردرێن، بۆئەوەی لە دواییدا بتوانین بیانبەستینە دەسکی کورسی یا سۆفەکەوە، یان ببەسترێتە هەر شتێکی ئاوهای کە گونجاوترە بۆ بەستنەوە. دەتوانی ئەم ئیشە بکەی؟

دایەن: نەخێر، جەنابی دکتۆر، من ناتوانم ئەم کارە بکەم، هەرگیز ناتوانم.

لۆرا: تۆ بۆچی هەر خۆت ئەمە ناکەیت، جەنابی دکتۆر.

دکتۆر: لەبەرئەوەی نەخۆش متمانەی بە من نییە. ڕاستییەکەی دەبێ (جەنابتان) خاتوون، تۆ، ئەم کارە بکەیت. بەڵام دەترسم متمانە بە تۆش نەکا.

(لۆرا بێ ئەوەی نیازی بێ، ئاخێزێک دەکا)

لەوانەیە تۆ بتوانیت ئەم کارە بکەیت، جەنابی قەشە.

قەشە: نەخێر، من داوای لێبوردنتان لێ دەکەم.



**دیمەنی چوارەم**

(هەمان دیمەنی پێشوو، لەگەڵ نۆید)

لۆرا: نووسراوەکەت زوو گەیاندە جێ؟

نۆید: بەڵێ خاتوون.

دکتۆر: تۆی نۆید؟ تۆ باش ئاگاداری باری ئێرەی؛ دەزانی کەوا کاپتن ئەقڵی تێک چووە، وە تۆ پێویستە یارمەتیمان بدەی، بۆئەوەی سەرپەرشتیی بکەین.

نۆید: من لەپێناو جەنابی کاپتن، هەر شتێکم لەدەست بێ -دڵنیابە دەیکەم.

دکتۆر: تۆ دەبێ ئەم جلوبەرگەی بکەیتە بەر.

دایەن: هەرگیز، ئەو مافی ئەوەی نییە دەست لە کوڕەکەم بدا. نۆید نابێ ئازاری کوڕەکەم بدا، من خۆم ئامادەم ئەم کارە بکەم- زۆر بەنەرمی و شێنەیییەوە. هەرچی نۆیدیشە، دەتوانێ لە دەرەوە چاوەڕێ بێ، نەبادا شتێ ڕووبدا. ئەو با ئەمە بکا.

(دەنگی بەرزی مشت کوتانە دەرگای ژوورەوە دەبیسترێ)

دکتۆر: هات. جلوبەرگەکە لەژێر ئەو قوماشەی سەر کورسییەکە بشێرەوە. ئێستا ئەگەر ئێوە بچنە دەرەوە، من و قەشە قسەی لەگەڵ دەکەین. ئەم دەرگایە، هێندە خۆی لەبەر مشتەکانی ئەو ڕاناگرێ. دەی، بڕۆنە دەرەوە.

دایەن:(بەرەو لای دەستە چەپ دەڕوا)

ئەی عیسای مەسیح، یارمەتیمان دە!

(لۆرا مێزی نووسینەکە دادەخاتەوە و بەرەو لای دەستەچەپ دەڕوا. نۆید پشتاوپشت دەچێتە دەرەوە.)

**دیمەنی پێنجەم**

(کاپتن و دکتۆر و قەشە)

(دەرگا سەربەخۆکە، بەتوندییەوە دەکەوێتە سەر پشت؛ کورسییەکەی پشتی بە لایەکدا فڕێ دەدا و قفڵەکەش دەشکێنێ)

کاپتن (بەخۆی و باوەشێک کتێبەوە دێتە ژوورەوە و کتێبەکان لەسەر مێزێک دادەنێ): سەرتاپای چیرۆکەکە لەم کتێبەدا و لە هەر کتێبێکی دیکەشدا دەتوانرێ بخوێنرێتەوە. خۆ دەبینی، من ئەقڵم تێک نەچووبوو! لێرە، لە چیرۆکی ئۆدیسەدا، دێڕی ٢١٥، لاپەڕە ٦، بە تەرجەمەی (ئۆپاسالا)، (تێلەک) لەگەڵ (ئاتن) قسە دەکا و دەڵێ: «دایکی من باوەڕی وایە کە ئەو، واتە ئۆدیسە: باوکی منە، بەڵام من خۆم پێ نازانم، چونکە هیچ کەسێک تاکو ئێستە ئەسڵ و فەسڵی خۆی دیاری نەکردووە.» ئەم گومانکردنەی (تێلەماک) لە (پینەلۆب)، کە لە ژنە هەرە خواپەرستەکانە، بڵاوبۆوە. بەڕاستی گەلێک مایەی سەرنجڕاکێشانە! وانییە؟ لێرەش- سەیرکە حزقیل پێغەمبەر چ دەڵێ: « ئینسانی نەفام دەڵێ: سەیرکە، ئەمە باوکی منە، بەڵام باشە کێ هەیە بتوانێ بڵێ کە ئەو لە چ پشتێکەوە کەوتۆتەوە؟!». ئەوە زۆر ئاشکرایە. بزانم ئەمەیان چ دەڵێ؟

مێژووی ئەدەبیاتی ڕووسیا، بە قەڵەمی مێرسلۆکۆف، دەڵێ: «ئەلکزاندەر پووشکین، گەورەترین شاعیری ڕووسیا، سەبارەت بەوەی وا بڵاوببۆوە کە ژنەکەی خیانەتی لێ کردووە، لە حەژمەتان خەریک بوو دەمرد. برینی ئەم پەژارەیە لە برینی ئەو گوللەیەی کە لە زۆرانبازییەکدا بەر سنگی کەوتبوو؛ زیاتر ئازاری گیانی دەدا. پووشکین لە سەرەمەرگدا ئاویلکەی دەدا؛ هات سوێندی خوارد کە ژنەکەی بێ گوناهە». کەر، کەر! بە چی ئەمەی بۆ ڕوون بۆوە؟ تۆ



زەینی خۆت دایتێ، من بە خۆڕایی کتێبەکانم بەسەر یەکەوە کەڵەکە ناکەم. دەیانخوێنمەوە- ئاه، جۆناس، تۆش لێرەی؟ هەڵبەتا جەنابی دکتۆریش دەبێ لێرە بێ. ژنە ئینگلیزێک، بەزۆر ڕقی لە پیاوە ئێرلەندییەکان هەڵسا بوو، هاتە لای من لۆمەیانی دەکرد، لەبەرئەوەی کە ئەوان (گلۆبی سەرمێز) ڕادەوەشێننە ژنەکانیان. دەزانی من چیم پێی وت:(تۆ چ ژنێکی!) ژنە بە سەری زمانی گوتی:(چ ژنێکم؟) من پێم وت: (بەڵێ، هەڵبەتا، هەر وەختێک ئێش بگاتە ئەوەی کە پیاوێک -پیاوێک کە ژنەکەی خۆی عیبادەت دەکا؛ چرایەکی داگیرساو ڕابوەشێنێتە ژنەکەی خۆی، ئینسان دەتوانێ لە هۆیەکەی تێ بگات».

قەشە: چی لێ تێ دەگا؟

کاپتن: هیچ. ئینسان لە هیچ شتێک تێ ناگا: تەنیا دەتوانێ باوەڕی هەبێ! وانییە جۆناس؟ ئینسان لە سەرەتادا باوەڕ پەیدا دەکا، ئنجا دوایە ئاسوودە و ئازاد دەبێ. بەڵێ، بەدڵنیاییەوە، ئینسان، ئاوها ئاسوودە دەبێ. نەء، من دڵنیام کە ئینسان، سەبارەت بەو باوەڕەی هەیەتی، لەوانەیە بکەوێتە دۆزەخەوە، من دەزانم.

دکتۆر: جەنابی کاپتن...

کاپتن: وس س..! من قسە لەگەڵ تۆ ناکەم. من نامەوێ وەکو تەلەفۆن هەر قسەم بئاخنیتە گوێچکەوە و دووبارەی بکەیتەوە- وەکو ئەو تەلەفۆنە. تێ گەیشتی؟ جۆناس گوێ بگرە، تۆ لەو باوەڕەدایت کە تۆ خۆت باوکی منداڵەکانتی؟ من دێتەوە بیرم: مامۆستایەک هاموشۆی ماڵی ئێوەی دەکرد؛ کابرایەکی قۆزیش بوو، قسە و قسەڵۆکیشی زۆر لەدوو بوو.

قەشە: ئەدۆلف، ئاگات لە دەمت بێ.

کاپتن: بەناو تاریکیدا تۆ بە کت و کوێرییەوە ملی ڕێت گرتووە و دەتەوێ بزانی داخۆ دەرگا دوو مشتووی هەیە، یا یەک. بەخوا دەڵێی

ڕەنگی هەڵبزرکا. بەڵێ، بەڵێ: خەڵکی قسـە دەکەن. بەڵێ زۆر قسە و قسەلۆک دەنێنەوە. بە هەرحاڵ، ئێمە، پیاوانی بەژن و ماڵ، کۆمەڵێک ئینسانی قەشمەر و گێلۆکەین، بە ڕای تۆش وانییە، دکتۆر؟ ئەی داخوا ژیانی ژن و مێردایەتیی تۆ چتۆیی بووە؟! چ معاونت لەگەڵ نەبووە لە ماڵەوە کارت لەگەڵ بکا؟ ڕاوەستە من خۆم دەیقەبلێنم. ناوی (دەچرپێنێتە گوێی دکتۆر) بیرت بۆی چوو؟ ئەویش ڕەنگی هەڵبزرکا! نایەوێ زەوقی تێک بچێ. ئەو ئافرەتەی تازە ئیتر لەژێر گڵدا خۆڵیشی نەماوە. ئاو کە ڕژا کۆ ناکرێتەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من ئەوم باش دەناسی. دەزانی ئێستا چی دەکا؟ سەیرکە دکتۆر...نەء... تەماشای ناوچاوم بکە... لە تیپی صارۆخ هاوێژان «ڕائیدە». بەخوا، من باوەڕم وایە، کە ئەو خۆیشی هەر وەک جەنابتان «شاخی هەیە».

دکتۆر: (تووڕەیە) جەنابی کاپتن، قسەی دیکە نییە بیکەی؟

کاپتن: دەبینی؟ هەر کە من دێمە سەر باسی «شاخ» ئەو دەیەوێ کە بایداتەوە.

قەشە: ئەدۆڵف، دەزانی شێت بوویتە؟

کاپتن: بەڵێ، من باش دەزانم، بەڵام ئەگەر چەند چرکەیەک هۆشی تۆم هەبووایە، منیش تۆم لەناو چوار دیوارێک زیندانی دەکرد. من شێتم، بەڵام چ شێتێک بووە هۆی ئەوەی کە شێت ببم؟ ئەم مەسەلەیە بەلای جەنابتەوە هێندە گرنگ نییە. بەلای هیچ کەسێکەوە گرنگ نییە. حەزدەکەی لەبارەی مەسەلەیەکی دیکەوە قسە بکەین؟

(ئەلبوومی سەر مێزەکە بەدەستەوە دەگرێ)

خوایەکا، ئەمە منداڵی منە! منداڵی من! بەڵام ناتوانم بیسەلمێنم. دەزانی ئینسان دەبێ چ بکا بۆ ئەوەی دڵنیا ببێ؟ هەوەڵ جار دەبێ ژن بهێنی، بۆ ئەوەی لەناو خەڵک ڕێزی لێ بنرێ، پاشان یەکسەر لە



ژنەکەی جوێ بێتەوە و بچێ بێتە دۆستی ئافرەتێکی دیکە و منداڵەکانی ئەو بە منداڵی خۆی ڕابگرێ. لەم حاڵەتەدا ئینسان خۆ هەر هیچ نەبێ دڵنیایە لەوەی کە منداڵەکانی، منداڵی خۆی نین. ئەوە زۆر ڕاستە. بەڵام ئەم نەخشەدانانە، تازە بە کەڵکی چیم دێ؟ تازە کە تۆ حەزی نەمرایەتیت لێم سەندەوە؛ چ یارمەتییەکت بۆ من لەدەست دێ؟ کە من هیچ شتێکم نەبێ لەپێناوی بژیم؛ فەلسەفە و زانست چیم بۆ دەکەن؟ کە من شەرەفم لەدەست ڕۆیبی، چۆن ژیانم بەسەر بەرم؟ من دەستی ڕاست و نیوەی دەماغ و نیوەی مێشکی خۆمم بە نەمامێکی دیکەوە گرێ دابوو، چونکە من بڕوام وابوو کە ئەوانە پێکەوە گەشە بکەن و درەختێکی کامڵ و بەرهەمداریان لێ پەیدا ببێت. پاشان کەسێک هات و بە چەقۆ، چڵەکانی لە بیخەوە لێک هەڵپچڕی. ئێستا تەنیا (نیوەی ) ئەو درەختەم. نیوەکەی دیکەی ئەم درەختە، بە دەستی من و نیوەی مێشکی من، دەشونمێت و گەورە دەبێ. لە کاتێکدا من وردە وردە هەڵدەپرووکێم و لەناو دەچم، لەبەرئەوەی ئەو بەشەی لەدەستم چوو باشترین بەشی بوونی من بوو. ئێستا حەزدەکەم بمرم. چیم لێ دەکەن، لێم کەن. من تازە بوونم نییە و ناشمبێ. ( سەر دەنێتە سەر دەستەکانی- لەسەر مێزەکە).

(دکتۆر بەچرپەچرپ قسە لەگەڵ قەشە دەکا و هەردووکیان بەرەو ژوورەکەی بنەبانێ دەڕۆن. پاش ئەوە، دەمودەست بێرتا دێتە ژوورەوە)

**دیمەنی شەشەم**

(کاپتن و بێرتا)

(کاپتن بەسەر کورسییەکی گەورەوە کە لە تەنشت مێزە گەورەکەیە کەڵەواژ بۆتەوە)

بێرتا ( بەرەو لای ئەو دەچێ) بابە، نەخۆشی؟

کاپتن: (بەحەپەساوییەوە سەیری دەکا): من؟
بێرتا: دەزانی چیت کرد؟ دەزانی چرایەکەت ڕاوەشاندە دایکمەوە؟
کاپتن: من ڕاموەشاندێ؟
بێرتا: بەڵێ تۆ، بیری لێ بکەوە، بزانە ئەگەر چرایەکە بەر دایکم کەوتایە، چی لێ دەهات!
کاپتن: قەیدی چییە؟
بێرتا: گەر بتەوێ بەم شێوەیە قسە بکەیت؛ باوکی من نیت.
کاپتن: وتت چی؟! من باوکی تۆ نیم؟ ئەمەت چۆن زانی؟ کێ پێی وتی؟ ئەی باوکی تۆ، کێیە؟ کێیە؟
بێرتا: بەهەرحاڵ تۆ نیت.
کاپتن: دیسان هەر من نیم؟ ئەی کێیە؟ کێیە؟ دەڵێی تۆ خۆت دەیزانی! کێ بەتۆی وت؟ من زیندوو بم و منداڵەکەم بێت لە بەردەمم ڕابوەستێ و بڵێ کە من باوکی نیم! بەڵام باشە تۆ نازانی گەر ئەم قسەیە بکەی، ئابڕووی دایکتی پێ دەبەی ؟ تۆ ئەمە نازانی گەر ئەم قسەیە بکەی، دایکت ڕسوا دەبێ و خەڵک پەنجەی بۆ درێژ دەکەن؟
بێرتا: لە پشتملە باسی دایکم مەکە، گوێت لێیە؟
کاپتن: نەء. ئێوە هەمووتان لە هەمبەر من پشتی یەکترتان گرتووە. هەمووتان، هەموو کاتێک.
بێرتا: بابە!
کاپتن: جارێکی دیکە ئەم وشەیەت لە دەم نەیەتە دەرەوە.
بێرتا: بابە، بابە!
کاپتن: (دەیگرێتە خۆیەوە) ڕۆڵە ئازیزەکەم، تۆ ڕۆڵەی منی! یان؟ با، با؛ غەیری ئەوە ناتوانرێ ببێ. هەر ئەوەیە. قسەکانی دیکە بێ مانا و پڕوپووچن؛ وەک تاعوونی پیس، وەک تایەکی گران باڵیان بەسەر



گیانمدا کێشاوە. تەماشام کە، با من ڕۆحی خۆم لەناو چاوەکانی تۆدا ببینم! بەڵام من ڕۆحی ئەویشم هەر دێتە پێش چاو! تۆ لەناو چاوەکانتدا دوو ڕۆحت هەیە، بە ڕۆحێکت خۆشت دەوێم و بە ڕۆحەکەی دیکە ڕقت لێم دەبێتەوە. تۆ دەبێ تەنیا خۆشت بوێم! تۆ دەبێ تەنیا یەک ڕۆحت هەبێ، دەنا هەرگیز ناحەسێیتەوە، منیش هەروا ناحەسێمەوە؛ تۆ دەبێ تەنیا یەک باوەڕت هەبێ کە ئەویش زادەی باوەڕی منە؛ تۆ دەبێ تەنیا یەک خواستت هەبێ، کە هەمان خواستی منە.
بێرتا: بەڵام من نامەوێ. من حەز دەکەم وەکو خۆم بم.
کاپتن: تۆ نابێ هەوڵ بدەی وەکو خۆت بیت، تێ دەگەی؟ من ئینسانخۆرم؛ دەتخۆم- قووتت دەدەم. دایکت دەیویست من بخوات، بەڵام پێی نەکرا. من وەکو ساتۆرن-ی باوکی ژۆپیتەر وام، کاتێ خەڵکی پێشبینیی ئەوەیان کرد منداڵەکانی لە داهاتوودا دەیخۆن، چوو هەموو منداڵەکانی خۆی خوارد. یا دەبێ بخۆیت، یا دەبێ بتخۆن! ئەمەیە مەسەلەکە! ئەگەر من نەتخۆم، تۆ دێی من دەخۆی. تۆ دگانە تیژەکانیشت پێ نیشان دام؛ بەڵام ڕۆڵەی شیرینم مەترسە، من ئەزیەتی تۆ نادەم.
(ڕووەو کیفی چەکەکان هەنگاو دەنێ و دەمانچەیەک دەردێنێ)
بێرتا: (دەیەوێ ڕابکا) دایە، فریام کەوە. دایە، دەیەوێ بمکوژێ.
دایەن: (دێتە ژوورەوە) جەنابی ئەدۆڵف، چ قەوماوە؟
کاپتن: (دەمانچەکە تاقی دەکاتەوە) فیشەگەکانت دەرهێناون؟
دایەن: بەڵێ، دەمویست ناومالەکە کۆکەمەوە، فیشەگەکانم بردنە شوێنێکی دیکە. دانیشە ئەدۆڵف، هێور بەوە، فیشەگەکانی دووبارە تێ دەخەمەوە.
( دەستی کاپتن دەگرێ و لەسەر کورسییەکە دایدەنیشێنێ. کاپتن، بەوپەڕی بێهێزییەوە ڕۆدەنیشێتە سەر کورسییەکە. پاشان دایەن، جلوبەرگە

تایبەتییەکەی شێتان بەدەستەوە دەگرێ و دەچێتە پشت کورسییەکە. بێرتا لە دەرگای دەستەچەپەوە ڕادەکاتە دەرێ)

دایەن: ئەدۆڵف، بەبیرت دێ تۆ ڕۆڵەی بەنازوگۆزی خۆم بووی؟ هەموو شەوێک قەرەوێڵەکەتم ڕێک دەخست و لە قەرەوێڵەکەدا دەمخەواندی و گۆرانیی خواپەرستییانەم بۆ دەگوتیت؟ بەبیرت دێ چۆن نیوەشەوان هەڵدەستامەوە و شەربەتم دەدایتێ؟ بەبیرت دێ هەر وەختێکی خەونی ناخۆشت دەدی و خەوت لێ دەزڕا، مۆمتم بۆ پێ دەکرد و هەقایەتم بۆت دەگێڕایەوە؟ بەبیرت دێ؟

کاپتن: قسە بکە مارگرێت، قسەکانی تۆ گیانم ئارام دەکاتەوە. قسە بکە مارگرێت.

دایەن: زۆر باشە گیانەکەم، بەڵام تۆ دەبێ گوێم لێ ڕابگری! بەبیرت دێ تۆ جارێکیان چەپەجاغێکت لە مووبەقەکەوە دەست دابوویە و دەتویست داری پێ ببڕی و بەلەم دروست بکەی؟ من هاتم بەفێڵەفێڵ چەپەجاغەکەم لێت سەندەوە. تۆ منداڵێکی بێ گوێ و لاسار بووی، لەبەرئەوەبوو کە من ناچار بووم فێڵت لەگەڵ بەکار بهێنم. چونکە تۆ باوەڕت نەدەکرد من خێر و خۆشیی تۆم دەوێ. من پێم وتیت «ئەو مارە پیسە بدەرە من، دەنا پێتەوە دەدا» ئەو کاتە تۆ چەپەجاغەکەمت دایەوە دەستم.

(دەمانچەکە لەدەست کاپتن دەردەهێنێ)

هەر وەختێکی بمویستایە جلوبەرگت بکەمەبەر و نەتهێڵابا، من ناچار دەبووم بتلاوێنمەوە و پێت بڵێم « ئەڵڵاهـ لەو چاکەتە زێڕینەی هەتە» چەنێ جوانە کە بیبی وەک شازادەیەک چاکەتە زێڕینەکەت بکەیتە بەر. ئەوکاتە، من چاکەتە چکۆڵەکەتم بۆ ڕادەگرت و لەپشت سەرتەوە چاوەڕێم دەکرد و دەمگوت « هەر دوو دەستەکانتی بئاخنە ناویەوە» پاشان دەمگوت «بەشێنەیی و لەسەرەخۆ دانیشە، بۆ ئەوەی من دوگمەکانی چاکەتەکەت بۆ دابخەم» .



(هێواش هێواش جلوبەرگە تایبەتییەکەی شێتانی دەکاتە بەر) .

ئەوکاتە دەم وت « ئێستا هەڵسەوە، وەکو منداڵێکی ئاقڵ لە ژوورەکە وەرەو برۆ، بزانم جلوبەرگەکەت کۆکە یان نا» .

(کاپتن دەباتە لای سۆفەکە)

ئنجا پێم دەگوتیت «ئێستا دەبێ بچیتە ناو جێ و بخەویت.»

کاپتن: وتت چی؟ کە من جلوبەرگم کردبووە بەر، دەچوومە ناو جێ و دەخەوتم- هەی نەعلەتت لێ بێ! چیت لە من کرد؟

(هەوڵ دەدا خۆی ڕزگار بکا)

کاپتن: ئۆهـ! چیت لە من کرد؟ تۆ، هەی ژنی مەکربازی جەهەننەمی، کێ بیری بۆ ئەوە دەچوو کە تۆ هێندە بە ئاین و ئۆین و تەڵەکەبازیت!

(لەسەر سۆفەکە ڕادەکشێت)

کەوتمە تەڵەوە-شکام-: مەحکووم بە مانەوە.

دایەن: لێم ببوورە، ئەدۆڵف. لێم ببوورە، ئاخر، من نەم دەویست منداڵەکەت بکوژی.

کاپتن: بۆچی نەتهێشت منداڵەکەم بکوژم؟ ژیان واتە دۆزەخ، مردنیش بەهەشت؛ منداڵ دەبێ لە بەهەشت بێ.

دایەن: تۆ چوزانی پاش مردن، چ هەیە و چ نییە؟

کاپتن: ئەمە تاقە شتێکە کە ئێمە زانیاریمان لەبارەوە هەیە؛ لەبارەی ژیانەوەیە کە هیچ نازانین! ئاهـ، ئەگەر ئینسان ئەمەی لە هەوەڵەوە بزانیایە!

دایەن: ئەدۆڵف گیان، هەوڵ دە دڵت نەرم بێتەوە. لە سەرکێشیی خۆت کەم کەرەوە. داوای لێبوردن و ڕاحەت لە خوا بکە. جارێ هێشتا درەنگی بەسەردا نەهاتووە. مەسیح ڕووی کردە ئەو دزەی هاتبوو خاچ بدزێت و پێی وت « ئەمڕۆ تۆ لەگەڵ من لە بەهەشت دەبیت» ، دزە تۆبەی کرد و هێشتا مۆڵەتی لەدەست نەچووبوو.

کاپتن: قەلەڕەشی پیر؛ هەرئاوها زوو، دەتەوێ وەک ئەو قەلەڕەشەی بەسەر مردووەکانەوە دەقریوێنێ، فاڵی شوومی دەگریتەوە؟

(دایەن کتێبێکی گۆرانیی خواپەرستیانە لە گیرفان دەردەهێنێ)

(کاپتن هاوار دەکا)

نۆید؛ نۆید لێرەیە؟

(نۆید دێتە ژوورەوە)

ئەم ژنە لەم ژوورە مەهێڵە! فڕێی بدە دەرەوە. دەیەوێ بە گۆرانیی دینی، بمخنکێنێ. لە پەنجەرەکەوە یا لە لوولەی سۆپاکەوە. لە هەر شوێنێکەوە بێ، فڕێی‌دە دەرەوە.

نۆید: (سەیری دایەن دەکا) جەنابی کاپتن ، من ناتوانم ئەم کارە بکەم. من هەرگیز ناتوانم. ئەگەر شەش زەلامیش بوونایە. قەی ناکە، بەڵام ژنێک...

کاپتن: تاکو ئێستا ناتوانیت دەرەقەتی ژنێک بێیت، ها؟

نۆید: هەڵبەتا دەتوانم، بەڵام ئەمە شتێکی دیکەیە پیاو دەستدرێژی بکاتە سەر ژنێک.

کاپتن: جیاوازییەکەی چییە؟ چما ئەوان دەستدرێژییان نەکردە سەر من؟

نۆید: بەڵێ، بەڵام من ناتوانم جەنابی کاپتن. ئەمە تەواو وەک ئەوە وایە کە تۆ زۆر لە من بکەی بچم زللەیەک لە قەشە بدەم. ئەمە لەگەڵ سروشت ناگونجێ. من ناتوانم.

**دیمەنی حەوتەم**

(هەمان دیمەن، لەگەڵ لۆرا، دێتە ژوورەوە و ئاخێز بۆ نۆید دەکا کە بچێتە دەرەوە)

کاپتن: ئۆمفال! ئۆمفال! ئێستا تۆ گورزی پاڵەوانێتیت بەدەستەوە گرتووە و یاریی پێ دەکەیت، کەچی هەرقەڵیش بەدیار مەکینەی لۆکە



ڕێسییەوە دانیشتووە و خوری دەڕێسێ!

لۆرا: (بەرەولای سۆفەکە دەچێتە پێش) ئەدۆڵف، تەماشای من کە. تۆ وا تێ دەگەی من دوژمنتم؟

کاپتن: بەڵێ. من وا تێ دەگەم! من باوەڕم وایە کە ئێوە هەمووتان دوژمنی منن. دایکم دوژمنم بوو، لەبەرئەوەی نەیدەویست بێمە دونیاوە، چونکە لەدایکبوونی من ئازاری بۆ ئەو هەبوو، بۆیە بوونی پێنەگەییوی منی لە خواردن بێ بەری کرد و بوونەوەرێکی لاواز و نوقسانی دروست کرد؛ خوشکم دوژمنم بوو، لەبەرئەوەی زۆری لێم دەکرد بەگوێی بکەم؛ هەوەڵ ئافرەتێک کە گرتمە باوەش، دوژمنم بوو، لەبەرئەوەی لە پاداشتی ئەو ئەوینەی پێشکێشم کرد دە ساڵی ڕەبەق تاڵاوی نەخۆشیم چەشت؛ کچەکەم کاتێ هاتە سەر ئەوەی لە من و لە تۆ یەکێکمان هەڵبژێرێ، بووە دوژمنم. تۆش، ژنی خۆم؛ تۆ سەرقافڵەی دوژمنەکانم بوویت، چونکە هەرگیز لێ نەگەڕاوی ئاسوودە بم، تا ئەم کاتەی وا بەسەر ئەم سۆفەیەوە بێ ئیرادە و بێ‌گیان کەڵەواژ بوومەتەوە.

لۆرا: من وا تێ ناگەم ئەم شتانەی کە دەیاندەیتە پاڵ من، هەرگیز کەڵکەڵەی کەللەم بوو بۆت، یان بە ئانقەست کردبێتنم. لەوانەیە ئارەزوویەکی تار و نادیار لە ناخی مندا هەبووبێت، بۆئەوەی خۆمت لەدەست قوتار بکەم، وە ئەم ئارەزووە هەمووەدەم دەروونی ئازار داوم. ئەگەر تۆ لەبارەی هەڵسوکەوتی منەوە، هەست بە نەخشەدانان و پیلانێک دەکەی، هۆیەکەی لەوانەیە ئەمە بووبێ و من نەمزانیبێ. من هیچ کاتێک نەخشەم بۆ کارەکانی کردوومن دانەناوە، کەچی ئەم ئیشانە بە هەمان شێوەی دەیڵێی، کەوتوونەتەوە. من سوێند بە خوا و بە ویژدانم دەخۆم: من بەتەواوەتی بێگوناهم– تەنانەت ئەگەر بەڕاستیش بێگوناه نەبم. بوونی تۆ بەسەر دڵ و دەروونمەوە بارێکی قورس بوو و دەمویست

خۆم لەژێر ئەم بارە قورسە ڕزگار بکەم . ئەمانە ڕاستن. ئەگەر تۆم هێندە سەخت ئازار دابێ. داوای لێبوردنت لێ دەکەم.

کاپتن: هەموو ئەم شتانەی گوتت، دەشێ پەسەند بکرێن. بەڵام بۆ من تازە بە چی دەچێ کە بێم لەوە تێ بگەم لەم کارەساتەدا کێ گوناهبارە؟ لەوانەیە گوناهبار ئەو کەسانە بن کە چاوەڕوانیی «ڕۆحانێتی »و «مەعنەویات» لە «ژنهێنان » دەکەن. ئەمڕۆ ژن و مێرد، عەینەن وەک دوو شەریکی ناو کاروباری بازاڕ دەبنە شەریکی یەکتری! یان پیاو دەچێ «بەهاوڕێیەتی» لەگەڵ ژن دەژی، ئەوکاتە یان ئەم شەریک ئەو شەریکی خۆی فرێودەدا، یان ئەم هاوڕێ کڵاو دەخاتە سەر ئەوی ترەوە . ئەوینی سروشتی سێکسی لەم بەربەرەکانێیەدا لەناو دەچێ. لەم بەشداریکردنەدا کە (بەش) بەبێ هیچ پەیمانبەستنێک (هاوبەش) دەبێت، ئەنجامی عەشق بەشی چی دەبێ؟ ئایا کاتێ هەڵوەشاندنەوەی شەریکایەتی دێتە پێشەوە، کێ سەرپشکە؟ کێ باوکی ڕاستیی منداڵە ڕۆحییەکەیە؟

لۆرا: بەڵام تۆ گومانکردنت لەبارەی منداڵەکەوە، هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نییە.

کاپتن: هەر لەبەر ئەمەیە کە هێند سامناکە. ئەگەر بەلای کەمەوە بنچینەیەک بۆ دیاریکردنی هەقیقەت هەبووایە، ئینسان دڵی پێ خۆش دەکرد. بەڵام ئەم هەقیقەتە وەک تارماییەک وایە خۆی لە پشت بت شاردبێتەوە و جاربەجارێک سەر دەربێنێ و گاڵتە بە ئینسان بکا؛ تەواو وەک ئەمە وایە کە ئینسان شەڕ لەگەڵ هەوا بکات، یا لە شەڕێکی بەدرۆدا تفەنگی بەتاڵ بێنیتە دەرەوە. هەقیقەتی نەگبەت زۆر لە ئینسان دەکات خۆی ڕابگرێت و توانا و هێز ببەخشێتە ژیانەوە، لەش و گیانی خۆی بۆ کارکردن بەگەڕبخات. بەڵام، تازە بیری من توایەوە، مێشکیشم ئەوەندە خۆی دەدا بەو ئاسمانە بۆشناخە، تا ئەوکاتەی ئیتر گڕی تێ



بەردەبێت. سەرینێک بخەرە ژێر سەرمەوە، شتێکیشم پێ دادە، سەرمامە، چەند سەرمامە!

(لۆرا شاڵەکەی خۆی هەڵدەگرێ و دایدەپۆشی. دایەن دەچێ سەرین بێنێ)

لۆرا: هاوڕێ، دەستی خۆتم بدەرێ.

کاپتن: من دەستم بدەم! ئەو دەستەی کۆتت کرد؟ ئۆمفال! ئۆمفال! شاڵەکەت وا بەسەر دەممەوە؛ وەک بازووت نەرم و نیانە، وەک پرچی تافی شۆخیشت بۆنی وازەنینی لێ دێ! لۆرا، کاتێ شۆخ بووی و بەیەکەوە لە دارستانان پیاسەمان دەکرد.. چەنێ خۆش بوو، چەنێ خۆش بوو! بیر بکەوە ژیان ئەوسا چەن ڕەونەقدار بوو و ئێستا چۆنە! تۆ حەزت نەدەکرد ژیانی ئێمە ئاوهای لێ بێ، منیش هەروا حەزم نەدەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەر وای لێ هات. کەوابوو کێیە چارەنووسی ئێمە دیاری دەکا؟

لۆرا: تەنیا خوایە چارەنووسی ئێمە دیاری دەکا..

کاپتن: کەوابوو دەبێ ناوی بنێین: خوای جەنگ و بەربەرەکانێ. خۆ لەوانەشە لەم سەردەمەدا بتوانین بڵێین کە (خواژن) ڕکێفی چارەنووسی بەدەستەوە گرتووە. ئەم پشیلەیەی لەسەرمە لایبە، لایبە.

(دایەن سەرینەکە دەهێنێت و شاڵەکەش لەسەر کاپتن لادەبات)

پاڵتۆ سەربازییەکەی خۆمم پێ دادە.

(دایەن پاڵتۆکە لە عەللاگەکەوە دێنێتە خوار و پێی دادەدا)

ئاه، ئەمە کەوڵی زبری شێرە کە تۆ دەتویست لێمی بسەنی! ئۆمفال! ئۆمفال! ئەی ئەو ژنە تەڵەکەبازەی کە ئەوینداری ئاشتی و ئەوین و داهێنەری چەک فڕێدانت تەفروتوونا کرد! ئەی هەرقەڵ، بێداربەوە، پێش ئەوەی گورزەکەت لەدەست بسێنن. ئێوە چەکمان بەفڕوفێڵ لە دەست دەردێنن، وامان لێ دەکەن وا تێ بگەین کە ئەو چەکە لە پارچە زێڕوەرەقێک زیاتر، هیچی تر نییە. نەخێر، پێش ئەوەی

ببێتە زێڕوەرەق: پۆلابوو. زەمانی جاران ئاسنگەرەکان زرێپۆشیان دروست دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ پێویست وایە دەرزی و سنجاق دروست بکەن. ئۆمفال! ئۆمفال! جەسووری و توانای خۆیان داوەتە دەست لاوازی و خـــیـــانەتەوە! بڕۆنە دەرەوە، ئەی ژنانی جـەهەننەمی! نەعلەت لە ڕەگەزی ئێوە!

(هەڵدەستێتەوە سەر پێ کە تف لە لۆرا بکات، بەڵام تاقەتی بەسەردا ناشکێ و دەکەوێتەوە سەر سۆفەکە)

ئەمە چ سەرینێک بوو داتە من، مارگرێت؟ گەلێک خزە، گەلێکیش ساردە، ساردە وەرە ئێرە لە تەنیشتم دانیشە مارگرێت، لەسەر ئەم کورسییە. زۆرم پێ خۆشە سەرم دانێمە سەر کۆشی تۆ! ئاه، چەنێ گەرم و خۆشە. نەختێ بەسەرما بنوشتێوە، با بۆنی سەر و سینەت بکەم. ئاه چەنێ شیرینە کە ئینسان بەسەر سینەی ژنەوە خەو بیباتەوە- بەسەر سینەی دایکییەوە، یا دلبەرەکەی. بەڵام دایک، باشترێکە.

لۆرا: حەزدەکەی منداڵەکەت ببینی، ئەدۆلف؟

کاپتن: منداڵەکەم ؟ پیاو منداڵیان نییە، تەنیا ژن منداڵیان هەیە. بۆیە داهاتووش هەر بەدەست ئەوانەوەیە. لە کاتێکدا ئێمە، بەبێ منداڵ ماڵئاوایی لە دنیا دەکەین. ئاه خودا، ئەی ئەوەی کە حەزت لە منداڵە!

دایەن: گوێ ڕاگرە، لە خوا دەپاڕێتەوە.

کاپتن: نا، لەگەڵ تۆم بوو. دەمویست بمخەوێنی. چونکە ماندووم، گەلێک ماندووم. شەو شاد مارگرێت. ئومێدەوارم لەناو ژناندا تۆ ئاسوودەبیت.

(هەوڵ دەدا هەڵسێتەوە، بەڵام دوای نرکەیەک، دەکەوێتەوە ناو باوەشی مارگرێت)



## دیمەنی هەشتەم

(لۆرا ڕووەو دەرگای دەستەچەپ دەڕوا و بانگی دکتۆر دەکا، دکتۆر لەگەڵ قەشە پێکەوە دێنە ژوورەوە)

لۆرا: ئەگەر ماوەی بەسەردا نەچووە، بیر لە چارەیەک بکەوە دکتۆر، سەیر کە..هەر دەڵێی هیچ هەناسەیەکی لەبەر نەماوە.

دکتۆر: (هەستی خۆی بۆ کوتەکوتی دڵی نەخۆشی ڕادەگرێ) دووچاری شاڵاوێکی سەخت هاتووە.

قەشە: مردووە؟

دکتۆر: نەخێر، هێشا هەر دەکرێ بگەڕێتەوە، بەڵام ئایا ژیانی داهاتووی چۆن بێت؟ نازانین!

قەشە: «سەرەتا مردن، ئنجا پاشان لێپرسینەوە».

دکتۆر: نەخێر- نە بڕیاردان، نە بێزاری دەربڕین. ئێوە جەنابتان باوەڕتان بەوە هەیە کە خوداوەند چارەنووسی هەموو ئێمە دیاری دەکا، پێویستە پرسیار لە خودا بکرێ: ئایا بۆچی چارەنووسی ئەم، بەم ڕۆژە گەیی.

دایەن: جەنابی قەشە ! ئەو لە ئاخرین دەقیقەکانی ژیانیدا، قسەی لەگەڵ خودا دەکرد.

قەشە: (ڕووەو لۆرا) بەڕاست؟

دکتۆر: بەڵێ، ڕاست دەکا.

دکتۆر: من لەم بارەیەوە، بەداخەوە ناتوانم بیروڕای خۆم دەربڕم، چونکە شارەزاییم هەر ئەوەندەیە لە بارەی بناوانی نەخۆشییەکەوە.

عیلمی من، لێرە بەو لا کۆتایی پێ دێ. ئێستا نۆرەی تۆیە جەنابی قەشە.

لۆرا: تەنیا ئەم قسەیەت هەیە کە بەسەر ئەم تەرمەوە بیڵێی، جەنابی دکتۆر؟

دکتۆر: بەڵێ، هەر ئەمە. من لەوە زیاتر نازانم. ئەو بهێنە قسە؛ کە زیاتر

شت دەزانێ!

بێرتا ( لەلای دەستەچەپەوە دێتە ژوورێ، بەرەو لای دایکی ڕادەکا ) : دایە، دایە!

لۆرا: ڕۆڵە گیان، ڕۆڵەکەی خۆم.

قەشە: «ئامین».

**پەردە**



# فەرهەنگۆک

فەخیزدار (فەخیز): مامزە. وشەیەکی پەهلەوییە، بەو تیکە فلزییە دەڵێن کە سپاسواران بە پاژنەی خۆیانی وەدەکەن. بەعەرەبی مهمازی دەڵێنێ، مامزە.

سۆفە: نیوتەخت، قەنەفە.

ئەسکەناس: پارچەی کاغەزی دۆلار.

پەیتوون: ئەو عارەبانانەی کە بە ئەسپەوە، سوار دەیهاژۆن.

چەپەجاغ: چەقۆی زۆر گەورە، هی کەوڵ.

ئۆمفال: omphale لە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی یۆنانی کۆندا ژنەپاشایەک بووە. هەرقەڵی ئاشق و گراوی خۆی وا لێ کرد ناچار بێت وەک ژنان چۆک دابداتەوە و خوری بڕێسی.

ستاگنیلیۆس Erik John STAGNELINUS ١٧٩٣ ـ ١٨٢٣ شاعیر و شانۆنامەنووسێکی سوێدییە.